# پێناسەی پایەکانی ئیسلام

مامۆستا کرێکار

پێناسەی پایەکانی ئیسلام مامۆستا کرێکار

بسم الله الرحمن الرحيم

# پێناسەی پایەکانی ئیسلام

# پێناسەی پایەکانی

# ئیسلام

نووسینی:

**مامۆستا کرێکار**

# پێناسەی پایەکانی ئیسلام

کــتــێــبـــــــــی: پێناسەی پایەکانی ئیسلام

نوســـــــــــینی: مامۆستا کرێکار

بۆپـــــــــــۆلی: یەکەمی ندا

ســاڵـــــــــــــی: ١٤٣٩ك-٢٠١٨ز

بسم الله الرحمن الرحيم

إِنَّ الحَمْدَ للهِ نَحْمَدُهُ وَنَسْتَعِينُهُ ونَسْتَغْفِرُهُ، وَنَعُوذُ بِاللهِ مِنْ شُرُورِ أنْفُسِنا وَمِنْ سَيِّئاتِ أعْمَالِنا، مَنْ يَهْدِهِ اللهُ فَلا مُضِلَّ لَهُ، وَمَنْ يُضْلِلِ فَلا هادِيَ لَهُ. أَشْهَدُ أنْ لَا إِلَٰهَ إِلَّا الله وَأَشهَدُ أنَّ محمداً عَبدُهُ وَرَسُولُهُ.

يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا اتَّقُوا اللَّهَ حَقَّ تُقَاتِهِ وَلَا تَمُوتُنَّ إِلَّا وَأَنتُم مُّسْلِمُونَ

يَا أَيُّهَا النَّاسُ اتَّقُوا رَبَّكُمُ الَّذِي خَلَقَكُم مِّن نَّفْسٍ وَاحِدَةٍ وَخَلَقَ مِنْهَا زَوْجَهَا وَبَثَّ مِنْهُمَا رِجَالًا كَثِيرًا وَنِسَاءًۚ وَاتَّقُوا اللَّهَ الَّذِي تَسَاءَلُونَ بِهِ وَالْأَرْحَامَۚ إِنَّ اللَّهَ كَانَ عَلَيْكُمْ رَقِيبًا

يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا اتَّقُوا اللَّهَ وَقُولُوا قَوْلًا سَدِيدًا * يُصْلِحْ لَكُمْ أَعْمَالَكُمْ وَيَغْفِرْ لَكُمْ ذُنُوبَكُمْۗ وَمَن يُطِعِ اللَّهَ وَرَسُولَهُ فَقَدْ فَازَ فَوْزًا عَظِيمًا

أمَّا بَعْدُ: فَإِنَّ أَصْدَقَ الحَدِيثِ كِتابُ اللهِ، وَخَيرَ الهَدِي هَدْيُ محمد صَلَى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَمَ

وَشَرَّ الأُمُورِ مُحْدَثاتُها، وَكُلَّ مُحْدَثَةٍ بِدْعَةٌ وَكُلَّ بِدْعَةٍ ضَلالَةٌ، وَكُلَّ ضَلَالَةٍ فِي النَّارِ.

پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەفەرموێ:

(بُنِيَ الإِسْلاَمُ عَلَى خَمْسٍ: شَهَادَةِ أَنْ لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ وَأَنَّ مُحَمَّدًا رَسُولُ اللَّهِ، وَإِقَامِ الصَّلاَةِ، وَإِيتَاءِ الزَّكَاةِ، وَالْحَجِّ، وَصَوْمِ رَمَضَانَ) مُتَّفَقٌ عَلَيْهِ.[1]

ئیسلام لەسەر پێنج پایە دامەزراوە:

١- شایەتمان

٢- نوێژکردن

٣- زەکاتدان

٤- حەجکردن

٥- گرتنی رۆژوویی رەمەزان.

---

[1] بوخاری ( ٨ و٤٥١٥)، موسلیم (١٦)، نەسائی (١٠٧/٨)، ترمذی (٢٦٠٩)، ئەحمەد (٢٦/٢، ٩٢، ١٢٠)، ئیبنوخوزەیمە (١٨٨٠/٣٠٨)، ئیبنوحیببان (١٤٤٦/١٥٨).

## پایەی یەکەم

## شایەتمان

(أَشْهَدُ أَنْ لَا إِلَٰهَ إِلَّا اللهُ وَأَشْهَدُ أَنَّ مُحَمَّدًا رَسُولُ اللهِ)

شاهێدیدەدەم[١] کە تەنها خوای گەورە (اللّٰه) خوای حەقیقییەو

شاهێدیدەدەم موحەممەد نێراوی خوایە.

### گەورەیی شایەتمان:

- خوای گەورە خۆی ئەو شاهێدییەیداوە، کە فەرموویەتی: (شَهِدَ اللَّهُ أَنَّهُ لَا إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ وَالْمَلَائِكَةُ وَأُولُو الْعِلْمِ قَائِمًا بِالْقِسْطِ لَا إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ الْعَزِيزُ الْحَكِيمُ) آل عمران/١٨ واتە: خوای گەورە شاهێدیداوە کە هیچ خوایەکی حەقیقی جگە لەو نییە، فریشتەکانیش ئەوە دەزانن و شاهێدییان لەسەر داوە، هەروەها ئەو کەسانەی کە شارەزای زانست بوون، کە خوای گەورە دادپەروەری پیادەدەکات. هیچ خوایەك لە حەقیقەتدا خوا نییە جگە لەو.. ئەو دەسەڵاتدارو دانایە..

[١] بەمانای: دەزانم (العلم) و دەیگەیێنم (الإعلام) و بڕیاری لەسەر دەدەم (الإقرار) و داوەری پێدەکەم تا حەقی پێ یەکلادبکەمەوە (الاقضاء) و حوکمرانی پێدەکەم (الحکم).

- پێغەمبەری خواش صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ لە گەورەیی شایەتماندا فەرموویەتی: (مَا مِنْ أَحَدٍ يَشْهَدُ أَنْ لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ وَأَنَّ مُحَمَّدًا رَسُولُ اللَّهِ صِدْقًا مِنْ قَلْبِهِ إِلاَّ حَرَّمَهُ اللَّهُ عَلَى النَّارِ).[1] واتە: هەر كەسێك شاهێدیبدات كە هیچ خوایە جگە لە (الله) بەحەقیقەت خوا نییەو شاهێدی ئەوە بدات كە محمد صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ نێراوی خوایە، لە ناخی دڵ و دەرونیەوە ئەم شاهێدیە بدات، بە تەئكید خوای گەورە لە ئاگری دۆزەخی حەرامدەكات و ناچێتەدۆزەخەوە.

- شایەتمان لە ئیسلامدا زۆر گەورەو گرنگ و كاریگەرە، روكنی یەكەمەو چەقی ئیسلامەتییە، بە وتنی شایەتمان كافر موسوڵماندەبێت. ئەگەر سەرزارەكیش -بەدووڕوویی (مونافیقانە)-ش شایەتمانبهێنێت، لێی قبووڵەو بەموسوڵمان هەژماردەكرێت، ئەگەرچی لەحەقیقەتدا موسوڵمان نییە.. خوای گەورە دەفەرموێت: (إِنَّمَا الْمُؤْمِنُونَ الَّذِينَ آمَنُوا بِاللَّهِ وَرَسُولِهِ ثُمَّ لَمْ يَرْتَابُوا) الحجرات/١٥ واتە: موسوڵمانان تەنها ئەو كەسانەن كە باوەڕیان بەخواو پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ هێناوەو دواتر دوودڵ و ڕاڕا نەبوون تێیداو گومانیان لا دروست نەبووە لێی..

---

[1] بوخاری (١٢٨).

پێغەمبەری خواش صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەفەرموێ: (أُمِرْتُ أَنْ أُقَاتِلَ النَّاسَ حَتَّى يَشْهَدُوا أَنْ لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ وَأَنَّ مُحَمَّدًا رَسُولُ اللَّهِ).[١]
واتە: فەرمانمپێدراوە کە لەگەڵ خەڵکیدا بجەنگێم، تا بڕیاردەدەن کە هیچ خوایەك لە حەقیقەتدا جگە لە (اللە) نییەو محمدیش صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ نێرراوی خوایە..

مەبەست لەمە قبوڵکردنی حوکمی ئیسلامە لە لایەن ئەوانەوە کە دەکەونە ژێر دەسەڵاتی حوکمی ئیسلامەوە، بەڵام لە قبوڵکردنی ئیسلام -وەکو دین- دا ئازادن، کە لەسەر دینی خۆیان دەمێننەوە یان موسوڵمان دەبن، ئەگەر لەسەر دینی خۆیان مانەوە، ئەمانیان دەدرێتێ و ناکرێنە سەربازو نانێررێنە جیهاد، لە بەرامبەردا باج (زەریبە)یەك دەدەنە حکومەتی ئیسلامی.

[١] بوخاری (٢٥). موسلیم (٢٢).

## بڕگەی یەکەمی
## شایەتمانەکە (لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ)

- بە (لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ) دەوترێت (ووشەی تەوحید) چونکە ئیعترافکردنە بەوەی کە خوای پەروەردگار یەکە. یەکە لە پەروەردگارێتیدا، واتە لە کردگارێتی و خاوەنێتی و زیندوێتی و ژیاندن و مراندن و ڕۆزیدان و زیانگەیاندن و سوودبەخشین.. هەروەها هەر یەکە لە بێسنوریی (ڕەهایی) سیفەتەکانی تریشیدا، وەکو: زانایی و دانایی و توانایی و دەسەڵات و...هتد.

- هەروەها ئیعترافە بەوە کە خوای گەورە تاك و تەنهایەو یەکە، لە خوایەتییدا، واتە: لە تەقدیمکردنی دروشمەکانی پەرستندا بۆی. دروشمی پەرستن دەشێت بە دڵ بێت، وەکو خواوویستی (الإخلاص)، یان بە زمان هەر وەکو قورئانخوێندن، یان بە کردەوە، وەکو نوێژ، یان بەبەخشین، وەکو زەکاتدان، یان ڕەفتاریتر، وەکو سەردانی نەخۆش، کە دەبێ تەنها لەبەرخاتری خوا بێت.

- هەروەها ئیعترافە بەوەی کە تەنها خوای گەورە کردگارو پەروەردگارەو مافی یاساو ڕێسادارشتن (شەریعەتدانان)ی هەیە... کەس بەهیچ شێوەیەك بۆی نییە یاسایەك دابڕێژێت کە پێچەوانەی شەریعەتەکەی ئەو بێت، کە بریتیە لە قورئان و سوننەت...

لەبەرامبەر ئەم سێ مەیدانەی تەوحیددا (خواناسین) و (خواپەرستن) و(حاکمێتی) خوای گەورەدا سێ مەیدانی (شیرك)یشی روونکردۆتەوە، کە بەرامبەر هەر یەکێکیانەو دژن پێیان.

وەکو:

- باوەڕبوون بەوەی رۆزیدەرێکی تریش غەیری خوا هەیە، یان کردگار و مرێنەرێك. ئەمە شیرکە لە ناسینی خوای تاکوپاکدا، واتە: لە پەروەردگارێتییدا.

- باوەڕبوون بەوەی کە دەشێت خوایەکی تریش بپەرسترێت. ئەمە شیرکە لە پەرستندا.

- باوەڕ بوون بەوەی کە یاساداڕشتن پێچەوانەی شەرع جائیزە. ئەمە شیرکە لە شەرعدا.

ئەمانە شیرکن و هەر کەسێك باوەڕی وا بێت، یان مومارەسەیان بکات، کافردەبێت پێی و لە دین و ئوممەتی موسوڵمانان دەچێتەدەرەوە پێی.

## - مەرجەکانی باوەڕ:

ئەوکەسەی کە باوەڕی بە (یەك) بوونی خوای گەورە هێناوە، دەبێ ئەم مەرجانەی تێدابێت. هەندێك لە زانایانی ئیسلام دەفەرموون زیاتریشە:

١- زانین: مانای لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ بزانێت، کەچی دەگەیەنێت.

٢- دڵنییایی: لێی دڵنیا بێت، نەك راڕا و دوودڵ یان گومانی تێدا مابێت.

٣- ملکەچبوون: بۆ هەموو ئەو ماناو واتاو ئەحکامانەی لێوە جوێبوونەتەوە.

٤- خواویستی: مەرجە راستگۆ بێت لەباوەڕپیداو مەبەستی خوای گەورەو رەزامەندیی ئەو بێت.

٥- راستگۆیی: واتە لەگەڵ خوای گەورەو خۆی و خەڵکییدا راستکات، کە باوەڕی هێناوە، دووڕوو (مونافیق) نەبێت، هەر بەسەرزارەکی باوەڕی نەهێنابێت.

٦- وەرگرتن: لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ کەی قبوڵبێت، هەروەها هەموو ئەحکامەکانی و هیچی لێ رەفزنەکاتەوە.

٧- خۆشوویستن: شایەتمان و ئەهلی شایەتمانی خۆشبوێت، ئەو کەسانەی خۆشنەوێت کە کافرن و دوژمنایەتی تەوحید دەکەن.

## پۆلێنی خەڵکی بە پێی باوەڕ:

باوەڕهێنان بە خوای گەورە، هەر ووتەیەك نییە و خاوەنەکەی بیڵێت و وابزانێت بەسە!، نا، دەبێت لە (دڵ)ی چەسپابێت و بە (زمان) ئیقراری کردبێت و (بەکردەوە)ش سەلماندبێتی.

ئەم سێیە (دڵ) و (زمان)و (کردەوە) پێکهاتەی باوەڕن، باوەڕ بە دووانیان دروستنابێت، هەر دەبێت هەرسێکیان پێکەوەبن، وەکو سێ لای (سێگۆشە)ن، کە بەهەرسێکیان دروستیدەکەن. زانایانی ئیسلام خەڵکییان بە پێی ئەم سێ پێکهاتەیە پۆلێنکردووە، کە ئەم کەسەی بە (دڵ) باوەڕی هەیە و بە (زمان) شاهێدیداوە و بە (کردەوە)ش نیشانیدەدات، ئەوە موسوڵمانە. ئەو کەسەی بە (زمان) شاهێدیداوە و بە (کردەوە)ش نیشانیدەدات، بەڵام لە دڵدا باوەڕی پێی نییە، دووڕوو (مونافیق)ە. ئەو کەسەی بە (زمان) شاهێدییەکە نەدات بە کردەوەش ئیمانداریی نیشانبدات یان نەیدات (کافر)ەو لێی قبوڵناکرێت. ئەمما ئەو کەسەی باوەڕ لە (دڵ)یدا هەیە و بە (زمان) شاهیدیداوە، بەڵام (کردەوە)کانی نوقسانە یان گوناحی کوفرینی[1]

[1] گوناح دوو جۆرە: گوناحی کوفرین، کە بکەرەکەی لە دین و ئوممەت دەچێتە دەرەوە، وەکو ئەوەی سووکایەتی بەقورئان دەکات، گوناحی فسقین: کە بکەرەکەی لە دین و ئوممەت ناباتە دەرەوە وەکو شەرابخواردنەوە مادام بە حەڵاڵی نەزانێت.

نەکردووە فاسقە.. واتە موسوڵمانی مونحەریف.. دەشێت ئەم پۆلێنکردنە بەم خشتەیە روونتر بکەینەوە:

| کەسەکە | رەفتاری دڵی | رەفتاری زمانی | رەفتاری جەستەی |
|---|---|---|---|
| موسوڵمان | باوەڕی هەیە | بڕیاریداوە | بە کردەوە سەلماندویێتی |
| دووڕوو (مونافیق) | باوەڕی نییە | بڕیاریداوە | بە کردەوە سەلماندویێتی |
| کافر | باوەڕی هەیە یان نا | بڕیاری نەداوە | رەفتاری ئیسلامییانەی هەبێت یان نا |
| فاسق (گوناحبار) | باوەڕی هەیە | بڕیاری داوە | رەفتاری غەیرەکوفرینی هەیە |

* ئەو کەسەی بە قەدەر گەردیلەیەك باوەڕی لە دڵدابێت لە ئاگری دۆزەخدا نامێنێتەوە، بەڵکو ئەوەندەی تێدا دەمێنێتەوە بەقەدەر رادەو بڕی تاوان و گوناحەکانی و پاشان دەخرێتەبەهەشتەوە.

پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دفەرموێ: (يَخْرُجُ مِنَ النَّارِ مَنْ قَالَ لاَ إِلَهَ إِلاَّ اللَّهُ وَكَانَ فِي قَلْبِهِ مِنَ الْخَيْرِ مَا يَزِنُ شَعِيرَةً ثُمَّ يَخْرُجُ مِنَ النَّارِ مَنْ قَالَ لاَ إِلَهَ إِلاَّ اللَّهُ وَكَانَ فِي قَلْبِهِ مِنَ الْخَيْرِ مَا يَزِنُ بُرَّةً ثُمَّ يَخْرُجُ

مِنَ النَّارِ مَنْ قَالَ لاَ إِلَهَ إِلاَّ اللَّهُ وَكَانَ فِي قَلْبِهِ مِنَ الْخَيْرِ مَا يَزِنُ ذَرَّةً).[١] واتە: هەر کەسێك وتبێتی لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ و بە قەدەر دەنکەجۆیەك باوەڕی لە دڵدا بووبێت، لە ئاگری دۆزەخدا نامێنێتەوەو دێتەدەرەوە (ودەچێتە بەهەشتەوە)، پاشان هەر کەسێك ووتبێتی لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ و بەقەدەر دەنکە گەنمێك باوەڕی لە دڵدا بووبێت، لە ئاگری دۆزەخ دێتەدەرەوە، پاشان هەر کەسێك وتبێتی لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ و بەقەدەر گەردیلەی تۆز باوەڕی لەدڵدا بووبێت لە ئاگری دۆزەخ دێتەدەرەوە..

## کەوابوو باوەڕ گوفتارو کردارە:

خەڵکانێکی نەزان یان ساویلکە یان دنیاخۆر یان دووڕوو و دوژمن _بۆ شێواندنی پێناسەی باوەڕو پێوە پابەندنەبوون و نەهێشتنی کاریگەریەکەی_ وایان لە خەڵکی عەوام گەیاندووە کە ئەگەر کەسێك باوەڕی بە (وجود)ی خوا هەبوو، ئیتر بەسە بۆ موسوڵمانێتی و کەس ناتوانێت و بۆی نییە بڵێت کافرە! چونکە بەلای ئەو نەزان و گێل و چەواشەکارانەوە. مولحید کافرە. چونکە باوەڕی بەبوونی خوا نییە..

ئەمە بۆچوونێکی تەواو پێچەوانەی قورئان و سوننەت و واقیعی بانگەوازی خوایە لە مەککە.. خۆ قورەیش و کافرەکانیتر باوەڕیان

---

[١] مُتَّفَقٌ عَلَيْهِ. واتە بوخاریی و موسلیم بە هەمان لەفز گێڕاویانەتەوە. بوخاری (٧٤١٠)، موسلیم (١٩٣).

هەم بە (وجود)ی خوا هەبوو، هەم بە دەسەڵاتی و بە رۆزیدانیی و بە سوودگەیاندن بە عەبدو دوورخستنەوەی زیان لێیان، بەوەش کە سەرکەوتن لەلایەن خوای گەورەوە دێت! باوەڕیان بە مافی پەرستن و وەرگرتنی دینەکەی هەبوو، بەڵام ئەوەی خۆیانی لەسەر بوو ئەوە دینەکەی خوای گەورەیە نەک ئەوەی پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ هێناویەتی.. باوەڕیان بە هەبوونی فریشتە هەبوو، بەڵام هەندێکیان وایان دەزانی کە (فریشتە) کچی خوان، هەندێکیتر باوەڕیان وابوو کە (جنۆکە) زیان دەگەیێنن، بۆیە دەبێ ئەوانیش بە پەرستنیان رازیبکرێن. هەندێکیتریان باوەڕیان وابوو دەبێ بت بپەرستن تا لەخوایان نزیکبکەنەوە، یان تکایان بۆ بکەن.. زۆرینەشیان باوەڕیان بە پێغەمبەرێتی سەیدنا ئیبراهیم عَلَيهِ السَّلَام هەبوو، هەروەها بەزیندووبوونەوەو لێپرسینەوە. چەندین لقە باوەڕیتریش، بەڵام خوای گەورە هەر بەکافری ناساندن و پێغەمبەری خواش صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ئەوەی بە موسوڵمانێتی بۆ حسابنەکردن، کە خوێنیانی پێ حەرامببێت. خوای گەورە دەفەرموێ: (وَلَئِنْ سَأَلْتَهُمْ مَنْ خَلَقَ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ لَيَقُولُنَّ خَلَقَهُنَّ الْعَزِيزُ الْعَلِيمُ) الزخرف/٩ واتە: کە لێیان دەپرسیت کێ ئاسمانەکان و زەوی دروستکردووە؟ دەڵێن خوای دەسەڵاتداری زانا خەلقیکردوون.

دەیان ئایەتیتر لەم بارەوە هەیە.

كەوابوو ناشێت وا بزانین هەر كەسێك ووتی باوەڕم بە (هەبوون)ی خوا هەیە كە كردگارە، بڵێین موسوڵمانە.. چونكە وەكو پێشەوایانی ئەهلی سوننەتوجەماعەت فەرموویانە: باوەڕ گوفتارو كردارە.. گوفتاری دڵ و زمان هەروەها كرداری دڵ و بەدەن:

- گوفتاری دڵ: باوەڕهێنانە كە یەكەمین هەنگاوی بەراستزانینی پەیامەكەی خوایە.

- كرداری دڵ: خواویستی و راستگۆیی و ترس و خۆشەویستی و پشتپێبەستن و ئەوانەیە _كە خالیس و موخلیس_ دەبێ بۆ خوای گەورە ئەنجامبدرێن.

- گوفتاری زمان: شایەتمانەكەیە كە بڕیاردان و ئیعترافكردن و راگەیاندنی قبوڵكردنی ئیسلامە.

- كرداری بەدەن: هەموو ئەحكامەكانی شەرعە، كەدەبێ موسوڵمان پێوەی پابەندبێت.[١]

ئیبنوبەتتە (ابن بطة) كە پێشەوایەكی گەورەی ئەهلی سوننەتە لە پێناسەی باوەڕدا -كورت و پوخت- دەفەرموێ: باوەڕ: بە راستگۆ زانینە

---

[١] ابن تيمية: مجموع الفتاوى (٢٨٧/٧)، ابن عبدالبر: التمهيد (٢٤٦/٩)، ابن حجر العسقلاني: الفتح (٤٧/١)، اللالكائي: شرح اصول اعتقاد واهل السنة (٨٣٢/٤)، البغوي (٣٨/١)، ابن القيم: كتاب الصلاة (ل٥٤)، ابن مندة: الايمان (٣٤١/٢).

له هەرچی کە فەرموویەتی، یان فەرمانی پێدراوە و فەرزی کردووە، یان بەرهەڵستی لێکردووە... ئەمەش هەموو ئەوە دەگرێتەوە کە بە نێرراوانی خۆیدا ناردویتی لە پەیام.. بەراستگۆ زانینی ئەمانەش بە سێ شتە: ووتنی بەزمان، بەڕاست زانینی دڵ، کارپێکردنی بە ئەندامانی جەستە.[١]

[١] ابن بطة: الشرح والإبانة عن أصول السنة و الديانة (ل١٧٦)، هەروەها ئیمامی ئاجوری: الشريعة (ل١١٩)، تفسير ابن كثير(٣٩/١)، القاضي أبو يعلى: مسائل الايمان (ل١٥١)، اسماعيل الاصبهانی: بيان المحجة وشرح عقيدة اهل السنة (٤٠٣/١). الحافظ الحكمی: معارج القبول (١٨/٢).

## بڕگەی دووەمی

## شایەتمانەکە: (مُّحَمَّدٌ رَّسُولُ اللَّهِ)

ئەمەش باوەڕهێنان و بڕیاردان و شاهێدیدان و قبوڵکردنی پێشەوایەتی پێغەمبەری خوایە صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ، بەو سیفەتەی کە نێرراوی خوای گەورەیەو لە رێی وەحیەوە پەیامەکەی خوای پێگەیشتووەو جەنابیشی صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بێکەموزیاد گەیاندویەتی... موسوڵمان بەم بڕگەشایەتمانە رادەگەیێنێت کە محمد صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ کۆتا پێغەمبەری خوایەو پەیامەکەی کامڵ و تەواوو گشتگیرە. ئەمەی لە ناخدا چەسپیووەو بە زمانیش رایگەیاندووەو بە کردەوەش سەلماندویەتی، کە شوێنکەوتووی ئەم پێغەمبەرە بەرێزەیە صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ، هەموو ئەو فەرمانانەی جێبەجێدەکات کە فەرمانیپێداون و توخنی ئەوانەش ناکەوێت کە بەرهەڵستی لێکردوون و لە هەوڵی بەردەوامیشدایە خۆی بە پێی سیرە و سوننەتی جەنابی صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دابڕێژێت..

ئەم بڕگەیەی شایەتمانەکە شاهێدیدانیشە بەوەی کە محمد صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ پەیامەکەی خوای گەورە بە تەواوی ڕۆشنیی و راشکاویی گەیاندووەو ئوممەتەکەی لەسەر رێبازی راست جێهێشتووە..

ئەم شاهێدیدانە داوا لە موسوڵمان دەکات کە پێغەمبەری خوای لە هەموو کەسێك زیاتر خۆشبوێت و گوێرایەڵی تەواوی ببێت و ئیقتیدای پێبکات و بانگەوازەکەی هەڵبگرێت و وەکو خۆی بە هەموو خەڵکی بگەیێنێت و وا بەرگریی لەخۆی و پەیامەکەی بکات کە خۆی لە پێناویدا بکاتە قوربانی..

لەسەر ئەم دیدو هەڵوێستەشی سووردەبێت تا دەمرێت..

هەروەها ئەم برِگە شایەتمانە لە موسوڵمان دەخوازێت کە باوەڕی بە راستگۆیی و موعجیزەکانی ئەم پێغەمبەرە پێشەوایە صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ هەبێت، چ قورئان بێت چ موعجیزەکانیتر، کە لەسەردەستی پیرۆزیی روویانداوەو بە سەنەدی راست و دروست گەیشتووە بە ئێمە.. هەروەها کە ئەم پێغەمبەرە صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ شەش ئیمتیازی زیاتری لە پێغەمبەرانی پێش خۆی سەلامی خوایان لێ بێت، پێدراوە:

١- لە هەموویان رەوانبێژتر بووە، کە (جَوَامِعَ الْكَلِمِ)ی دراوەتێ.

٢- لە مەودای یەك مانگە رێوە دوژمنانی لێی ترساون (نُصِرْتُ بِالرُّعْبِ مَسِيرَةَ شَهْرٍ).

٣- غەنیمەت (دەسکەوتی جەنگ)ی بۆ حەڵاڵبووە (وَأُحِلَّتْ لِيَ الْغَنَائِمُ).

٤- هەموو سەرزەوی پاك و شیاوە بۆ نوێژکردنی: (وَجُعِلَتْ لِيَ الأَرْضُ مَسْجِدًا وَطَهُورًا).

٥- بۆ هەموو مرۆڤ و جنۆکە نێرراوە (أُرْسِلْتُ إِلَى الْخَلْقِ كَافَّةً).

٦- کۆتایی پەیامەکانی خواو پێغەمبەرانی پێهێنراوە ..عَلَيهِ الصَّلاةُ وَ السَّلَام..

## خۆشویستن و شوێنکەوتنی نیشانەی موسوڵمانێتیه:

پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەفەرموێ: (ثَلاَثٌ مَنْ كُنَّ فِيهِ وَجَدَ حَلاَوَةَ الإِيمَانِ أَنْ يَكُونَ اللَّهُ وَرَسُولُهُ أَحَبَّ إِلَيْهِ مِمَّا سِوَاهُمَا، وَأَنْ يُحِبَّ الْمَرْءَ لاَ يُحِبُّهُ إِلاَّ لِلَّهِ، وَأَنْ يَكْرَهَ أَنْ يَعُودَ فِي الْكُفْرِ كَمَا يَكْرَهُ أَنْ يُقْذَفَ فِي النَّارِ).[1] واتە: سێ ڕەفتار هەیە، لە هەر کەسێکدا هەبن شیرینی باوەڕیان پێدەچێژێت: خواو پێغەمبەری خوای صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ لە هەموو کەسێك زیاتر خۆشبوێت، هەر کەسێکی خۆشوویست هەر لەبەرخاتری خوای گەورە خۆشیبوێت، ئەوەندەش لەخەمی ئەوەدا بێت کە نەگەڕێتەوە ناو کوفرو پێی ناخۆشبێت، بەقەدەر ئەوەندەی کە پێی ناخۆشە فڕێیدەنە ناو ئاگرەوە..

کەوابوو مافی پێغەمبەری خوایە صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ و ئەرکە لەسەرمان کە خۆشمانبوێت و بەرگری لێبکەین و گوێڕایەڵێتی

[1] مُتَّفَقٌ عَلَيْهِ. ئەمە لەفزی بوخاری (٦٩٤١)یە.

بکەین.. چونکە گوێڕایەڵی جەنابی صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ گوێڕایەڵییە لە خوای گەورە، ئەمەش مایەی خۆشویستنی خوای پەروەردگارە : (قُلْ إِنْ كُنْتُمْ تُحِبُّونَ اللَّهَ فَاتَّبِعُونِي يُحْبِبْكُمُ اللَّهُ وَيَغْفِرْ لَكُمْ ذُنُوبَكُمْ وَاللَّهُ غَفُورٌ رَحِيمٌ) ال عمران/٣١ واتە: ئەگەر خواتان خۆشدەوێت و دەتانەوێت خۆشیبوێن وەرن شوێنی من بکەون، خوای گەورە هەم خۆشیدەوێن و هەم لە گوناحەکانیشتان دەبورێت.. خوای گەورە لێخۆشبوو بەبەزییە..

- (جَاءَ رَجُلٌ إِلَى رَسُولِ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ وَسَأَلَهُ: مَتَى السَّاعَةُ؟ فَقَالَ رَسُولَ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ: وَمَاذَا أَعْدَدْتَ لَهَا؟ فَقَالَ الرَّجُلُ: مَا أَعْدَدْتُ لَهَا مِنْ كَثِيرِ صَلاَةٍ وَلاَ صَوْمٍ وَلاَ صَدَقَةٍ، إِلَّا أَنِّي أُحِبُّ اللَّهَ وَرَسُولَهُ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ. فَقَالَ رَسُولَ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ: أَنْتَ مَعَ مَنْ أَحْبَبْتَ).[١] واتە: کابرایەك هاتە خزمەت پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ لێی پرسی کەی ڕۆژی قیامەتە؟ فەرمووی: چیت بۆ ئامادەکردووە؟ کابرا عەرزیکرد (پێی ووت): نوێژو ڕۆژوو و خێرێکی زۆرم بۆ ئامادەنەکردووە، بەڵام ئەوە هەیە کە من خواو پێغەمبەری خوام صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ خۆشدەوێت، پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ پێی فەرموو: تۆ لەگەڵ ئەو کەسە دەبیت کە خۆشتوویستووە.

[١] بوخاری (٣٦٨٨)، موسلیم (٢٦٣٩).

- خوای گەورە خۆشەویستی خۆی و پێغەمبەرەکەیمان صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ لەدڵدا بچەسپێنێت. ئامین.

- خواناسان فەرموویانە: (قَطْرَةٌ مِن حُبِّكَ تَجْعَلُ الكافِرَ وَلِيَّاً) واتە: خوایە، دڵۆپەیەك لە خۆشەویستی تۆ کافر دەکاتە وەلی (پیاو چاکی خواناس).

## پایەی دووەم

## نوێژکردن

- خوای گەورە لە نزیکەی نەوەد ئایەتدا باسی نوێژی کردووە، چ وەکو فەرمانپێکردن، چ وەکو هاندانی کردنی. کە هەمووی پەیوەستکردووە بە کاتەوە، وەکو دەفەرموێ: (.. فَأَقِيمُوا الصَّلَاةَ إِنَّ الصَّلَاةَ كَانَتْ عَلَى الْمُؤْمِنِينَ كِتَابًا مَوْقُوتًا) النساء/١٠٣ واتە: نوێژەکان بکەن، نوێژکردن لە کاتە دیاریکراوەکانی خۆیاندا لەسەر موسوڵمانان فەرزە..

- پێغەمبەری خواش صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەرهەق دەفەموێ: (أَفْضَلُ الأَعْمَالِ الصَّلاَةُ عَلَى وَقْتِهَا).[١] واتە: باشترین کارو کردەوە نوێژکردنە لەکاتی خۆیدا.

- نوێژ روکنی دووەمی ئیسلامە، کۆڵەکەی دینەکەیە، هەر کەسێك پایەدارییبکات، ئەوە دینەکەی راگرتووە، هەر کەسێکیش وەل (تەرك)یبکات، ئەوە دینەکەی وەلکردووە. نوێژ میعراجی رۆحی موسوڵمانە، نوێکردنەوەی پەیمانی عەبدێتییەو شەحنکردنەوەی دیندارێتییە، تا سووتەمەنی رەنجی قۆناغی داهاتووی لێوە مسۆگەربکات، نوێژ هێمنیی و ئاسایشی دەروونە، نووری رێیە، هۆکاری پارسەنگیی کەسایەتی موسوڵمان و هۆی حەوانەوەیەتی، لە

---

[١] موسلیم (١٤٠).

تین و فشاری جاهیلییەت و قورسایی کۆڵی بانگەوازو رەنجی کەسابەت و قەرەباڵغی شەڕەپاڵی دنیایی.. بۆیە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بە بیلالی حەبەشی (بانگدەر)ی دەفەرموو: (أَرِحْنَا بِهَا).[١] بمانحەوێنەوە پێی..

- هەندێك لە شەرعناسانی مەزهەبی حەنبەلی نوێژنەکەریان بەکافر داناوە، بەڵام زانایتری مەزهەبەکەو شەرعناسانی سێ مەزهەبەکەی تر (حەنەفی و مالیکی و شافیعی) بە فاسقیان داناوەو فەرموویانە: کافر نییە، بەڵام گوناحی نەکردنەکەی لە قەتڵ و زینا و شەرابخۆریی سووخواردن و... گەورەترە!

- نوێژ گەورەترین و گرنگترین کردەوەی موسوڵمانە، یەکەمین رەفتارێکێتی، کە پرسیاری دەربارە لێ دەکرێت، لە رۆژی دواییدا تەماشای نوێژەکانی دەکرێت، ئەگەر تەواوو بەتەواویی کردبوونی، ئەوە سەرفرازو رووسووری قیامەتە، ئەگەر کەمی کردبوو یان هەر بە نوقسانیی و ناکامڵیی بە ڕێیکردبوو، بەتەئکید زەرەرمەندی گەورەیە. پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەفەرموێ: (إِنَّ أَوَّلَ مَا يُحَاسَبُ

---

[١] ئەبوداوود (٤٩٨٥)، ئەحمەد (٣٦٤/٥). شێخی ئەلبانی لە سەحیحی (صحيح المشكاة/ ١٢٥٣)دا بە سەحیحی ناساندووە. ئەمەش دەقەکەیەتی: (عَنْ عَمْرِو بْنِ مُرَّةَ، عَنْ سَالِمِ بْنِ أَبِي الْجَعْدِ، قَالَ قَالَ رَجُلٌ - قَالَ مِسْعَرٌ أُرَاهُ مِنْ خُزَاعَةَ - لَيْتَنِي صَلَّيْتُ فَاسْتَرَحْتُ فَكَأَنَّهُمْ عَابُوا عَلَيْهِ ذَلِكَ فَقَالَ سَمِعْتُ رَسُولَ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ يَقُولُ " يَا بِلاَلُ أَقِمِ الصَّلاَةَ أَرِحْنَا بِهَا "). بە ژمارەی (٤٩٨٥).

بِهِ الْعَبْدُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ مِنْ عَمَلِهِ صَلاَتُهُ فَإِنْ صَلُحَتْ فَقَدْ أَفْلَحَ وَأَنْجَحَ وَإِنْ فَسَدَتْ فَقَدْ خَابَ وَخَسِرَ).[١] واته: یەکەمین شتێك کەعەبدی لەسەر موحاسەبە دەکرێت لە کارو کردەوەکانییدا نوێژەکەیەتی، ئەگەر راست و رێك و تەواوبوو، ئەوە سەرفراز و سەرکەوتووە، ئەگەر خراپ و چەوت و نوقسان کردبوونی ئەوە داماو و زەرەرمەندە..

- نوێژ دەبێ لەهەموو حاڵەتەکانی جێگیریی و سەفەر، لەش ساغی و نەخۆشی، ئەمان و ترس، ئاشتی و جەنگدا هەردەبێت بکرێت... ئەوی نەتوانێت بە پێوە بیکات دەبێ بە دانیشتنانەوە بیکات، ئەوی واش نەیتوانی بەراکشانەوە. ئەوی نەیتوانی بە بزاوت و ووتن بیکات، دەبێ بە ئاماژەی دەست و سەر بیکات.. ئەوەی واش نەیتوانی دەبێت بە پێڵوی چاو بیکات.. ئەگەر بە هیچ شێوەیەك بە بزاوتی جەستە نەیتوانی، بەرپرسە لە دڵی خۆیدا هەربیکات.. کە هۆشی نەما لەسەری نامێنێت! بڕوانە ئەم رووداوە:

(جَاءَ رَجُلٌ أَعْمَى إِلَى رَسُولِ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فَقَالَ: إِنِّي رَجُلٌ ضَرِيرُ الْبَصَرِ شَاسِعُ الدَّارِ وَلِي قَائِدٌ لاَ يُلاَئِمُنِي فَهَلْ لِي رُخْصَةٌ أَنْ أُصَلِّيَ

[١] ئەبوداوود (٨٦٤)، ترمذي (٢/٣٣٧)، نەسائی (٤٦٥). شێخی ئەلبانی (صحيح الجامع الصغير/٢٠٢٠)دا بە سەحیحی ناساندووە.

فِي بَيْتِي قَالَ " هَلْ تَسْمَعُ النِّدَاءَ " . قَالَ نَعَمْ . قَالَ " لاَ أَجِدُ لَكَ رُخْصَةً ).[١]
واته: پیاوێكی نابینا (كوێر) هاته خزمەت پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ و عەرزی كرد: من كابرایەكی نابینام و ماڵم له مزگەوتەوه دووره، چاوساغم هەیه بەڵام هەموو جارێك لەگەڵمدا نابێت. ئایا مۆڵەتی ئەوەم هەیه نوێژەكان لەماڵەوه بكەم؟ فەرمووی: گوێت له بانگ دەبێت؟ عەرزی كرد: بەڵێ، فەرمووی: دەی سا وانازانم عوزرت هەبێت.. دەبێ بێیت.. كەوابوو نوێژەكه لەسەر موسوڵمان فەرزه، لەسەریشیەتی. مادام عوزری نەبێت، بچێته مزگەوت و به جەماعەت بیكات.

*** *** ***

[١] ئەبوداوود (٥٥٢)، نەسائی (٨٥١)، ئیبنوماجه (٧٩٢). شێخی ئەلبانی له (صحيح سنن إبي داود١/١١٠)دا به (حەسەن)ی داناوه. موسلیمیش (٦٥٣) له ئەبوهورەیرەوه گێڕاوێتییەوه.

# بانگ و قامەت

بانگ ـکە بۆتە زاراوەی بانگهێشتکردنی موسوڵمانان بۆ نوێژی کۆمەڵ لە مزگەوت و ئاگادارکردنەوەی هەموان لە داخڵبوونی کاتەکە_ فەرزی کیفایەیە. واتە ئەگەر کەسێك لە شوێنێك بانگبدا فەرزێتی بانگدان لەسەر ئەوانیتر لادەچێت ، ووشەکانی ئەمانەن:

اللَّهُ أَكْبَرُ اللَّهُ أَكْبَرُ اللَّهُ أَكْبَرُ اللَّهُ أَكْبَرُ

أَشْهَدُ أَنْ لاَ إِلَهَ إِلاَّ اللَّهُ أَشْهَدُ أَنْ لاَ إِلَهَ إِلاَّ اللَّهُ

أَشْهَدُ أَنَّ مُحَمَّدًا رَسُولُ اللَّهِ أَشْهَدُ أَنَّ مُحَمَّدًا رَسُولُ اللَّهِ

حَىَّ عَلَى الصَّلاَةِ حَىَّ عَلَى الصَّلاَةِ

حَىَّ عَلَى الْفَلاَحِ حَىَّ عَلَى الْفَلاَحِ

اللَّهُ أَكْبَرُ اللَّهُ أَكْبَرُ

لاَ إِلَهَ إِلاَّ اللَّهُ[١]...

لە بانگی نوێژی بەیانیشدا دوای (حَىَّ عَلَى الْفَلاَحِ)ەکان دووجار دەوترێت:

الصَّلاَةُ خَيْرٌ مِنَ النَّوْمِ الصَّلاَةُ خَيْرٌ مِنَ النَّوْمِ

[١] موسلیم (٣٧٩).

ووشەکانی قامەتیش کە بانگێکی بچکۆلەیەو بۆ ئاگادارکردنەوەیە کە نوێژ دادەبەسترێت، واتە وا دەستپێکرد ئەمانەیە:

اللهُ أكبرُ اللهُ أكبرُ
أَشْهَدُ أَنْ لاَ إِلَهَ إِلاَّ اللَّهُ أَشْهَدُ أَنَّ مُحَمَّدًا رَسُولُ اللَّهِ
حَيَّ عَلَى الصَّلاَةِ ، حَيَّ عَلَى الْفَلاَحِ
قَدْ قَامَتِ الصَّلاَةُ ، قَدْ قَامَتِ الصَّلاَةُ
اللهُ أكبرُ اللهُ أكبرُ
لاَ إِلَهَ إِلاَّ اللَّهُ...[١]

## وەڵامی بانگ و قامەت:

ئەو کەسەی کە گوێی لە بانگ یان قامەتەکەیە، ووشەکانی لەبەرخۆیەوە لە دوای بانگدەرەکەوە دەڵێتەوە، لە (حەیعەلە: حَيَّ عَلَى الصَّلاَةِ ، حَيَّ عَلَى الْفَلاَحِ)ەکاندا دەڵێ: (لاَ حَوْلَ وَلاَ قُوَّة الاّ باللّهِ)..

کە بانگ تەواوبوو، سوننەتە ئەم دوعایە بۆ پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بکەین چونکە جەنابی صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرموویەتی: (إِذَا سَمِعْتُمُ الْمُؤَذِّنَ فَقُولُوا مِثْلَ مَا يَقُولُ الْمُؤَذِّنُ ثُمَّ صَلُّوا عَلَيَّ فَإِنَّهُ مَنْ صَلَّى عَلَيَّ صَلاَةً صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ بِهَا عَشْرًا ثُمَّ سَلُوا لِيَ الْوَسِيلَةَ فَإِنَّهَا مَنْزِلَةٌ فِي الْجَنَّةِ لاَ تَنْبَغِي إِلاَّ لِعَبْدٍ مِنْ عِبَادِ اللَّهِ وَأَرْجُو أَنْ

[١] موسلیم (٣٧٨).

أَكُونَ أَنَا هُوَ وَمَنْ سَأَلَ لِيَ الْوَسِيلَةَ حَلَّتْ عَلَيْهِ الشَّفَاعَةُ).[١] واتە: ئەگەر گوێتان لە بانگ بوو، وەكو بانگدەرەكە بڵێنەوە، پاشان صەلەوات[٢] لەسەر من بدەن، هەركەسێك جارێك صەڵەوات بدات، بە دە جار بۆی دەنووسرێت. پاشان دوعام بۆ بكەن خوای گەورە (وەسیلە)م بەنسیببكات، كە پلە و مەنزیلەیەكە لەبەهەشتداو تەنها بۆ یەك كەس دەبێت، بەڵكو خوا بكات بۆ من بێت، هەر كەسێك داوای ئەو پلەی (وەسیلە)یەی بۆ كردم، تكاكردنم بۆی دەكەوێتە سەرم.

## مەرجەكانی نوێژ

١- موسوڵمانبوون

٢- ژیرێتی

٣- باڵغ بوون

٤- هەبوونی دەسنوێژ

٥- داپۆشینی عەورەت

٦- داخڵبوونی كاتەكەی

٧- نییەتی نوێژكردن

---

[١] موسلیم (٣٨٤).

[٢] (اللَّهُمَّ صَلِّ عَلَى مُحَمَّدٍ وَعَلَى آلِ مُحَمَّدٍ).

٨- نەبوونی پیسایی بەلەش و پۆشاك و جێ نوێژەکەوە.

## روکنەکانی نوێژ

١- راوەستان بۆ بە توانا.

٢- تەکبیرە (ووتنی: اللَّهُ أَكْبَر)ی دەسپێك.

٣- قورئانخوێندن (فاتیحە).

٤- چەمانەوە (رکوع) و سرەوتن.

٥- هەستانەوە لە رکوع و رێکبوونەوە.

٦- سوجدە بردن.

٧- دانیشتنی نێوان دووسوجدەکە.

٨- سوچدەی دووەم.

٩- دانیشتن و خوێندنی تەحیاتی ئەخیر.

١٠- سەڵەواتدان.

١١-.سەلامدانەوە.

## ئەوانەی نوێژبەتاڵ دەکەنەوە

١- شکانی دەسنوێژ.

٢- ئەنجامنەدانی روکنێك.

٣- دەرخستنی عەورەت بە ئەنقەست.

٤- پشتکردنە قیبلە.

٥- جوڵە و بزاوتی زۆر (ئاسایی نەمێنێت).

٦- پاڵدانەوە یان شان نان بە شتێکەوە بێ ئەوەی زەروورریی بێت.

٧- زیادکردنی روکنێك (لە بزاوتەکان).

٨- پاش و پێش خستنی روکنەکان.

٩- سەلامدانەوەی ئەنقەست پێش تەواوکردنی نوێژ.

١٠- پێکەنین بە قاقا.

١١- ووتنی لە فزێك کە هی نوێژ نەبێت.

١٢- خواردن یان خواردنەوە.

## ئەوە کەی نوێژە؟! برۆ بیکەرەوە:

هەندێك کەس خێرا نوێژەکەی دەکات و لەفزەکانی بە لرفەلرف دەخوێنێت، وادەزانێ بەو راکەڕاکەیە نوێژێك تۆماردەکات و فەرزێك لەسەرخۆی لادەدات، چاوەڕوانی پاداشتیشە! بەڵام داماوە نازانێت کە خوای گەورە لێی وەرنەگرتووە! چونکە لە روکنەکاندا سرەوتی نەگرتووەو زۆری پەلە تێدا کردووە.. ووردو ژیرانە سەرنجدەرە ئەم رووداوە:

(أنَّ رَجُلاً دَخَلَ الْمَسْجِدَ يُصَلِّي، وَرَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فِي نَاحِيَةِ الْمَسْجِدِ، فَجَاءَ فَسَلَّمَ عَلَيهِ، فَقَالَ لَهُ: وَعَلَيْكَ السَّلامُ،ارْجِعْ فَصَلِّ فَإِنَّكَ لَمْ تُصَلِّ،فَرَجَعَ فَصَلَّى، ثُمَّ سَلَّمَ، فَقَالَ: وَعَلَيْكَ السَّلامُ،ارْجِعْ فَصَلِّ فَإِنَّكَ لَمْ تُصَلِّ فَقَالَ فِي الثَالِثَةِ: فَعَلِّمْنِي، قَالَ: إذَا قُمْتَ الَى الصَّلاةِ فَأسْبِغْ الْوُضُوءَ، ثُمَّ اسْتَقْبِلْ الْقِبْلَةَ، فَكَبِّرْ واقْرَأْ مَا تَيَسَّرَ مَعَكَ مِنْ الْقُرْآنِ، ثُمَّ ارْكَعْ حَتَّى تَطْمَئِنَّ رَاكِعَاً ثُمَّ ارْفَعْ رَأْسَكَ حَتَّى تَعْتَدِلَ قَائِمَاً، ثُمَّ اسْجُدْ حَتَّى تَطْمَئِنَّ سَاجِدَاً، ثُمَّ ارْفَعْ حَتَّى تَسْتَوِيَ وَتَطْمَئِنَّ جَالِسَاً، ثُمَّ اسْجُدْ حَتَّى تَطْمَئِنَّ سَاجِدَاً ثُمَّ ارْفَعْ حَتَّى تَسْتَوِيَ قَائِمَاً ثُمَّ افْعَلْ ذَلِكَ فِي صَلاتِكَ كُلِّهَا).[١] واتە: کابرایەك هاتە مزگەوتەوەو نوێژی دابەست، پێغەمبەری خواش صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ لە کەناری مزگەوتەکەدا بوو، دوای تەواوبوونی نوێژەکەی هاتە

---

[١] بوخاری (٤٦٧)، موسلیم (٣٩٧).

خزمەت پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ و سەلامی لێکرد، پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرمووی: وعليك السلام، بگەڕێرەوە نوێژەکەت بکە، چونکە تۆ نوێژتنەکرد.. ئەویش گەڕایەوەو نوێژەکەی کردەوە، پاشان هاتەوە خزمەت پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ و سەلامی لێکردەوە، پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرموویەوە: وعليك السلام، بگەڕێرەوە نوێژەکەت بکە، چونکە تۆ نوێژتنەکرد .. لە سێیەمین جاردا کابرا فەرمووی: دەی سا فێرمکە، پێغەمبەری خواش صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرمووی: کە هەستایت بۆ نوێژ، دەسنوێژت بە چاکی بگرە، پاشان ڕووبکەرە قیبلەو تەکبیرەی ئیحرام بکەو نوێژ دابەستە، پاشان لەو قورئانەی لەبەرتە چەندت بۆ ئاسان بوو بیخوێنە، پاشان بچۆرە رکووع و بمێنەرەوە تا جەستەت دەسرەوێت و ئۆقرە دەگریت، پاشان هەستەرەوە سەر پێیان و رێکوڕاست راوەستە تا جەستەت دەسرەوێت و ئۆقرە دەگریت، پاشان بچۆرە سوجدەو بمێنەرەوە تا جەستەت دەسرەوێت و ئۆقرە دەگریت، ئینجا سەرت بەرزکەرەوەو دانیشە، ئاواش بمێنەرەوە تا جەستەت دەسرەوێت و ئۆقرە دەگریت، پاشان بچۆرەوە بۆ سوجدەو بمێنەرەوە تا جەستەت دەسرەوێت و ئۆقرە دەگریت، پاشان هەستەرەوە سەر پێ و راوەستەوە، لە هەموو نوێژەکانتدا ئاوا بکە..

دەبینیت پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ نەفي کردنیی نوێژەکەی کرد، لە کاتێکدا کە هەموو دەیانبینی کە نوێژەکەی دەکات.. روکن و واجبەکانی دەکات.. لە دەسپێکەوە تا سەلامدانەوە. کەچی پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ پێی دەفەرموێ (فَإِنَّكَ لَمْ تُصَلِّ)! چونکە لە دوای بزاوت (حەرەکات)ەکانی نە دەسرەوت، کەمێك هێدیانەی نەیدەکرد کەوابوو (هێمنبوون و سرەوتن) روکنە و ئەنجامدانی فەرزە، نەسرەوتن نوێژەکە بەتاڵدەکاتەوە..

داخۆ چەند نوێژی وامان کردووە و لە قیامەتدا پێمان دەوترێتەوە (فَإِنَّكَ لَمْ تُصَلِّ) هاوار بەماڵم.. بۆ زیانێك کەوامان زانیووە قازانجە.

## پایەی سێیەم

# زەكاتدان

- خوای گەورە لە زیاتر لە (٣٠سی) جێگەی قورئاندا ناوی (زكاة) دەهێنێت و زیاتر لە (١٠ده) جاری تریش بە ناوی (صَدَقَةٌ)ەوە باسی فەرمووە، زۆرینەی جارەكان لە گەڵ نوێژدا پێكەوە هێناونی وەكو: (يُقِيمُونَ الصَّلَاةَ وَيُؤْتُونَ الزَّكَاةَ ) المائدة/٥٥ ئەمە جگە لە دەیان ئایەتی تر كە لەگەڵ بەخشین و باسیكردوون: (وَمِمَّا رَزَقْنَاهُمْ يُنفِقُونَ) البقرة/٣ واتە: لەوەی پێمان بەخشیون دەبەخشن.

- خوای گەورە بەشێوەی فەرمان بە پێغەمبەی خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەفەرموێ زەكاتیان لێ وەرگرە، چونكە زەكاتدان مایەی پاكبوونەوەی سامانە لە چڵك و چەپەڵی حەرام... دەفەرمووێ: (خُذْ مِنْ أَمْوَالِهِمْ صَدَقَةً تُطَهِّرُهُمْ وَتُزَكِّيهِمْ بِهَا وَصَلِّ عَلَيْهِمْ إِنَّ صَلَاتَكَ سَكَنٌ لَهُمْ وَاللَّهُ سَمِيعٌ عَلِيمٌ) التوبه/١٠٣ واتە: پشكە زەكاتێك لە سامانەكانیان وەرگرە تا پێی پاك ببنەوەو زیاتر بۆ خوا ساغ ببنەوە پێی... دوعایان بۆ بكە، نوێژ لەسەر جەنازەیان بكە، دوعا و نوێژەكانی تۆ مایەی هێمنیانە.. خوای گەورەش بیسەر و زانایە..

- جەریری كوڕی عبدالله ی بەجەلی خوای لێی رازی بێت دەفەرموێ: (بَايَعْتُ رَسُولَ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ عَلَى إِقَامِ الصَّلَاةِ وَإِيتَاءِ الزَّكَاةِ

وَالنُّصْحِ لِكُلِّ مُسْلِمٍ).[١] واتە: بەیعەت (پەیمانی قورس)م بە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دا لەسەر نوێژکردن و زەکاتدان و ئامۆژگارییکردنی هەموو موسوڵمانێك.

- سیرە و سوننەتی پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ و رەفتاری یاوەرانی بەڕێزی فەرزێتی و گرنگێتی زەکات دەسەلمێنێت. تەنانەت سەیدنا ئەبوبەکری صددیق خوا لێی رازی بێت جەنگی لەهەموو لایەکەوە راگەیاند بەرامبەر ئەو کەسانەی ووتیان زەکات نادەین... هەمووشیان کافرنەبووبوونەوە، هەندێکیان دەیانووت زەکاتەکەمان داوەتە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ چونکە خوای گەورە فەرمووی: (تُطَهِّرُهُمْ وَتُزَكِّيهِمْ بِهَا...) بۆیە نایدەینە ئەبوبەکر. هەندێکیتریان ووتیان: نوێژی خۆمان دەکەین و زەکاتنادەین.. وە هەروەها بەهانەیتر. بەڵام یاوەران بە پێشەوایەتی سەیدنا ئەبوبەکری خەلیفە هەموویانیان لە ڕیزی مورتەددەکاندا حسێبکرد و کوشتاری هەموویانی وەکو یەك کرد..

- زەکات روکنی سێیەمی ئیسلامە، خوای گەورە کە کردوێتی بە یەکێك لە پێنج پایەکانی ئیسلام، هەم دینەکەی پێ پاراستووە هەم هەستی کۆمەڵکاریی و گیانی بەزەیی و بەرپرسێتی هاوکاریی لەناخی تاك و کۆی

---

[١] بوخاری (٥٧). موسلیم (٥٦). نەسائی (٤١٥٧). ئەحمەد (٣٥٧/٤). سونەنی دارمي (٢٥٤٠).

موسوڵمانانی پاراستووه. چونکه موسوڵمانان لەناو خۆیاندا وەکو یەکجەستەو یەکدیوارو دانیشتووانی یەککەشتین، مەرجە هەموویان بەخەمی یەکترییەوە بێن و دەستدەنە باڵی یەکتریی.. ئەمە جگە لەوەی زەکاتدان و خێرکردن و بەخشین نەفسی موسوڵمان لە رژدیی و پیسکەیی و رەزیلیی و چاوچنۆکیی پاکدەکاتەوە. بڕوانە کۆمەڵگەی موسوڵمان و کۆمەڵگەی غەیرە موسوڵمان.. کۆمەڵگەی موسوڵمان لەژێر دەسەڵاتی کوفری مەغۆل و خاچپەرستان و کۆمۆنیزمیشدا هەر بە زەکاتەکە یارمەتییان لە یەکتریی نەبڕیووە.

زەکاتدان هەموو کەسێك وا لێدەکات خێری زیاتریش بکات.. ئەمەش دەبێتە مایەی زێدە سۆزو بەزەیی خۆی و رێزداریی لای خەڵکی و گەورەیی و باوکایەتی لای هەژار و دەسکورتەکان کە زەکات و خێرەکەی داونەتێ.. هەموو ئەمانەش ریشەی برایەتی و متمانە و خۆشەویستی زیاتر دادەکوتن.. و الحمدلله.

- زەکات لە مانگی شەووالی ساڵی دووەمی کۆچییدا لەسەر موسوڵمانان فەرزکرا.

## مەرجەکانی زەکات

**أ- مەرجەکانی زەکاتدەر:**

١- موسوڵمانێتی

٢- باڵغ و ژیریێتی

٣- سەربەستی (کۆیلە نەبێت)

٤- نییەتی زەکاتدان بێت.

**ب- مەرجەکانی سامانی زەکات:**

١- موڵکی تەواوی خاوەنەکەی بێت.

٢- لەو جۆرە سامانانە بێت کە گەشە و نەشونما دەکات.

٣- گەیشتبێتە بڕی (نِصاب) واتە: ئەو زۆرییەی کە زەکاتی لێدەردەچێت.

٤- ساڵێکی کۆچی بەسەردا تێپەڕ بووبێت.

٥- لە پێداوویستی خاوەنەکەی زیاد بێت.

### ئەو سامانانەی زەکاتیان لێدەدرێت:

١- پارە بە هەموو جۆرێکی کانزا و کاغەزییەوە: دینار، لیرە، تومەن، ریال، یۆرۆ..

٢- زێڕ (ئاڵتوون).

٣- زیوو.

٤- ماڵات: مەڕو بزن، گاو گامێش، حوشتر..

٥- بەروبووم و دانەوێڵە.

٦- کەلوپەلی بازرگانی

٧- کرێ (خانوو، کۆمپانیا، سەیارە)..

٨زەوی دانراو.

هەر یەکێك لەمانە نیصابی خۆی هەیە کە دیاریکراوەو پشکی زەکاتەکەش لە نیصابەکەی دیاریکراوە.. هەموو سامانێکتریان پێ بەراوورد (قیاس) دەکرێت، وەك داهاتی کۆمپانیای تەلەفۆن و خەتی ئینتەرنێت و ریکلامکردن و بەرهەمی هونەریی و..هتد.

## ئەو کەسانەی زەکاتیان پێدەدرێت:

١- هەژاران (الفقراء).

٢- دەسکورتەکان (المساکین: کەهەیانە و بەشیانناکات).

٣- کارمەندی زەکاتکۆکردنەوە و بەشکردنەوەی.

٤- نەوموسوڵمان و بۆ کەسبکردن و لاشەڕکردنی زۆرداران.

٥- سەربەستکردنی کۆیلە (بەکڕینەوە یان ئازادکردنیان).

٦- قەرزار، کە بێ ئومێدە لە دانەوەی.

٧- موجاهیدان و پێداوویستی جیهاد و بانگەواز.

٨- ئەو گەشتیار (موسافیر)ەی پارەی لێبڕاوە.

ئەمانەش خوای گەورە لە سورەتی (التوبە/٦٠)دا دیاریکردوون و نابێت بدرێت بە کەسیتر.. کەسانیتر مافیان لە بەیتولمالدایەو لەوێوە پێداویستییان مسۆگەردەکرێت. ئەو ریزبەندییەی سەرەوە لە ئایەتەکەوە وەرگیراوە، کە دەفەرموێ: (إِنَّمَا الصَّدَقَاتُ لِلْفُقَرَاءِ وَالْمَسَاكِينِ وَالْعَامِلِينَ عَلَيْهَا وَالْمُؤَلَّفَةِ قُلُوبُهُمْ وَفِي الرِّقَابِ وَالْغَارِمِينَ وَفِي سَبِيلِ اللَّهِ وَابْنِ السَّبِيلِ فَرِيضَةً مِّنَ اللَّهِ وَاللَّهُ عَلِيمٌ حَكِيمٌ) التوبە/٦٠ واتە: زەکات دەدرێتە هەژاران و دەسکورتان و ئەوانەی فەرمانبەرێتی زەکاتە کە دەکەن (کاربەدەست و کارمەند) و نەوموسوڵمانان، هەروەها بۆ ئازادکردنی کۆیلەو دانەوەی قەرزی قەرزاران و لە پێناوی خوادا، هەروەها بۆ رێبواران.. ئەمە فەرزێکیە خوای گەورە دیاریکردووە خواش زاناو دانایە.

## دژواریی زەکاتنەدان و سزای:

زۆرجار خۆشەویستی سامان وا لەخاوەنەکەی دەکات زەکاتەکە نەدات، ئەوە گێلێتی و دین لاوازیی لەخوانەترسانە. گوێنەدانە بەو

هەرەشە سەختانەی خوای گەورە لەو جۆرە کەسانەی کردووە. بۆیە دەسەڵاتداری ئیسلامی دەبێت بە زۆر زەکاتەکەیان لێ بسەنێت، چونکە مافی هەژارو داماوانی موحتاجە.. ئەگەر نەیانداو دەسەڵاتدار هێزی هەبوو دەبێت جەنگیان دژ بەرپاکات و لە هەموولایەکەوە تینیان بۆ بهێنێت تا ناچاری زەکاتدانەکە دەبن.

هەندێك لە زانایان دەفەرموون ئەوی بەزۆری زەکاتی لێ سەندرابێت (غەرامە) بکرێت و بەقەدەر زەکاتێکی تریشی لێ بسەندرێت..

خوای گەورە لە هەڕەشەیدا لە زەکات نەدەر و پیسکە و رەزیلەکاندا دەفەرموێ:

- (يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا إِنَّ كَثِيرًا مِّنَ الْأَحْبَارِ وَالرُّهْبَانِ لَيَأْكُلُونَ أَمْوَالَ النَّاسِ بِالْبَاطِلِ وَيَصُدُّونَ عَن سَبِيلِ اللَّهِ ۗ وَالَّذِينَ يَكْنِزُونَ الذَّهَبَ وَالْفِضَّةَ وَلَا يُنفِقُونَهَا فِي سَبِيلِ اللَّهِ فَبَشِّرْهُم بِعَذَابٍ أَلِيمٍ * يَوْمَ يُحْمَىٰ عَلَيْهَا فِي نَارِ جَهَنَّمَ فَتُكْوَىٰ بِهَا جِبَاهُهُمْ وَجُنُوبُهُمْ وَظُهُورُهُمْ ۖ هَٰذَا مَا كَنَزْتُمْ لِأَنفُسِكُمْ فَذُوقُوا مَا كُنتُمْ تَكْنِزُونَ)التوبه/٣٤-٣٥ واتە: ئەو کەسانەی زێڕ و زیوو گەنجینەدەکەن و لە پێناوی خوادا (زەکات)ی لێ نادەن و نابەخشن مژدەی سزا و ئازارێکی بەژانیان پێبدە. رۆژێك دێت سامانەکانیان لە ئاگری دۆزەخدا بۆ سووردەکرێتەوەو ناوچەوان و لاتەنیشت و پشتیانی پێ داخدەکرێت و پێیاندەوترێت: ئەمە ئەو سامانەتانە کە لەدنیادا کۆتاندەکردەوەو هەربۆ خۆتان

سەرفدەکردەوە (بێئەوەی ئاوڕێك لە داماوانی موحتاج بدەنەوە).. دەبچێژن دەی..

- (وَلَا يَحْسَبَنَّ الَّذِينَ يَبْخَلُونَ بِمَا آتَاهُمُ اللَّهُ مِن فَضْلِهِ هُوَ خَيْرًا لَّهُمۖ بَلْ هُوَ شَرٌّ لَّهُمْۖ سَيُطَوَّقُونَ مَا بَخِلُوا بِهِ يَوْمَ الْقِيَامَةِۗ) آل عمران/١٨٠واتە: ئەو کەسانەی سەروەت و سامانیان هەیە و پیسکەیی و رەزیلی و چروکیی تێدا دەکەن (ولێ نابەخشن)، کە دەشزانن خوای گەورە لە لوتفی خۆیەوە پێی بەخشیوون، با وا نەزانن رەفتارێکی چاك دەکەن (گوایە پارەی خۆیانەو بۆ خۆیانی سەرفدەکەن) ئەوە خراپەکارییە دەیکەن... لە رۆژی قیامەتدا ماڵ و سامانەکانیان وەکو بازنەی ئاگر دەوریاندەدات و ئەو بڕە سامانەی دەبوو بیانبەخشیایە و نەیاندا، لێیان دەبێتە کۆتی ئاگرین و دەچێتە گەردنیان.. خوا لاماندا..

## هەموو موسوڵمانێك خێری پێدەکرێت:

پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ کە داوای بەخشینی لە یاوەرانی دەکرد، دەیفەرموو: ببەخشن ئەوانیش بە گوێرەی توانا دەیانبەخشی.. سەیدنا عوسمان خوا لێی رازی بێت لە غەزای تەبووکدا (٣٠٠ سێسەد) حوشتری بە بارو و تفاقی جیهادەوە بەخشی و یاوەرێکیش چنگێك خورما..

پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەیفەرموو: (اتَّقُوا النَّارَ وَلَوْ بِشِقِّ تَمْرَةٍ).[١] واتە: خۆ لە ئاگری دۆزەخ لادەن ئەگەر بە لەتە خورمایەکیش بێت!.

ئەوی هیچی نەبوایە بیبەخشێت هاندەدا قسەی جوان بکات و دیفەرموو: (الْكَلِمَةُ الطَّيِّبَةُ صَدَقَةٌ).[٢] قسەی جوان خێرە.

بۆ گشتگیریی خێرو خێرات پێی دەفەرموون: (عَلَى كُلِّ مُسْلِمٍ صَدَقَةٌ ". فَقَالُوا يَا نَبِيَّ اللَّهِ فَمَنْ لَمْ يَجِدْ قَالَ " يَعْمَلُ بِيَدِهِ فَيَنْفَعُ نَفْسَهُ وَيَتَصَدَّقُ ". قَالُوا فَإِنْ لَمْ يَجِدْ قَالَ " يُعِينُ ذَا الْحَاجَةِ الْمَلْهُوفَ ". قَالُوا فَإِنْ لَمْ يَجِدْ. قَالَ " فَلْيَعْمَلْ بِالْمَعْرُوفِ، وَلْيُمْسِكْ عَنِ الشَّرِّ فَإِنَّهَا لَهُ صَدَقَةٌ).[٣] واتە: هەموو موسوڵمانێك خێری لەسەرە. عەرزیانکرد: ئەی پێغەمبەری خوا! ئەدی ئەگەر نەیبوو؟ فەرمووی کاسبی بکات و پەیدایبکات، هەم سوود بەخۆی دەگەیەنێت و هەم خێرەکەی لێ دەکات. عەرزیانکرد: ئەدی ئەگەر نەیبوو؟ فەرمووی: یارمەتی کەسێکی داماو موحتاج بدات. عەرزیانکرد: ئەدی ئەگەر نەیبوو؟ فەمووی با کاری چاکە بکات و خۆ لەخراپە بگرێتەوە.. ئەمەش خێرە.. کەوابوو (ئەگەر گوڵ نیت دڕکیش مەبە) لەمەوە هاتووە. دەبا وابین.

---

[١] بوخاری (١٣٥٨). موسلیم (١٧٦١).

[٢] بوخاری (٢٥٨٧). موسلیم (١٧٥١).

[٣] بوخاری (١٤٤٥).

## نموونەیەکی دەگمەن لە بەخشین:

(كَانَ أَبُو طَلْحَةَ أَكْثَرَ أَنْصَارِيٍّ بِالْمَدِينَةِ مَالاً مِنْ نَخْلٍ وَكَانَ أَحَبُّ أَمْوَالِهِ إِلَيْهِ بَيْرُحَاءَ وَكَانَتْ مُسْتَقْبِلَةَ الْمَسْجِدِ وَكَانَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ يَدْخُلُهَا وَيَشْرَبُ مِنْ مَاءٍ فِيهَا طَيِّبٍ قَالَ أَنَسٌ فَلَمَّا أُنْزِلَتْ هَذِهِ الآيَةُ {لَنْ تَنَالُوا الْبِرَّ حَتَّى تُنْفِقُوا مِمَّا تُحِبُّونَ} قَامَ أَبُو طَلْحَةَ إِلَى رَسُولِ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فَقَالَ يَا رَسُولَ اللَّهِ إِنَّ اللَّهَ تَبَارَكَ وَتَعَالَى يَقُولُ {لَنْ تَنَالُوا الْبِرَّ حَتَّى تُنْفِقُوا مِمَّا تُحِبُّونَ} وَإِنَّ أَحَبَّ أَمْوَالِي إِلَيَّ بَيْرُحَاءَ وَإِنَّهَا صَدَقَةٌ لِلَّهِ أَرْجُو بِرَّهَا وَذُخْرَهَا عِنْدَ اللَّهِ فَضَعْهَا يَا رَسُولَ اللَّهِ حَيْثُ شِئْتَ قَالَ فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ " بَخْ ذَلِكَ مَالٌ رَابِحٌ ذَلِكَ مَالٌ رَابِحٌ وَقَدْ سَمِعْتُ مَا قُلْتَ فِيهِ وَإِنِّي أَرَى أَنْ تَجْعَلَهَا فِي الأَقْرَبِينَ " . فَقَالَ أَبُو طَلْحَةَ أَفْعَلُ يَا رَسُولَ اللَّهِ فَقَسَمَهَا أَبُو طَلْحَةَ فِي أَقَارِبِهِ وَبَنِي عَمِّهِ).[١]

ئەبوتەڵحە خوا لێی رازی بێت یاوەرێکی عەزیزی پێغەمبەری خوا بوو صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ، لە ڕیزی دەوڵەمەندەکانی مەدینە بوو، باخ و باخاتێکی گەورەو بەرفراوانی هەبوو، بەرامبەر مزگەوتەکەی پێغەمبەری خوا بوو صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ، زۆر جار پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەچووە ئەو باخ و باخاتە کە ناوی (بەیروحاء)

---

[١] بوخاری (٢٧٦٩).

بوو لە ژێر سایەی ساباتەکەیدا دادەنیشت و ئاوی لە کانیاوەکەی نۆش دەکرد..

کاتێك ئەو ئایەتە هاتە خوارەوە کە دەفەرموێ: (لَنْ تَنَالُوا الْبِرَّ حَتَّى تُنْفِقُوا مِمَّا تُحِبُّونَ)ال عمران/٩٢ واتە: چاکەتان بۆ نانوسرێت تا لەوە نەبەخشن کە خۆتان حەزتان لێیەتی و پێتان پەسەندە.. ئەبو تەڵحە هاتە خزمەت پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ و عەرزیکرد: خوای گەورە فەرموویەتی: (لَنْ تَنَالُوا الْبِرَّ حَتَّى تُنْفِقُوا مِمَّا تُحِبُّونَ) منیش بەیروحاء لە هەموو سەروەت و سامانەکەم لام عەزیزترو پەسەندترە، وا لەبەرخاتری خوا بەخشیم.. دەمەوێ خێرو پاداشتەکەی لای خوای گەورە گەنج (خەزن)بکەم.. سا ئەی پێغەمبەری خوا وا لەبەر دەستی جەنابتدا، چۆنی رەفتار پێوە دەکەیت بیکە.. پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرمووی: بەه بەه، ئەمە سەروەت و سامانێکی پڕ قازانجە.. ئەمە سامانێکی بەسوودە. گوێم لێ بوو کە چیت دەربارەی ووت، من وادەبینم بەسەر کەسوکارەکەی خۆتیدا دابەش بکەیت.. ئەبوتەڵحە فەرمووی: بەڵێ باشە وا دەکەم.. ئیتر لە ئامۆزا و خزمەکانی خۆیی بەشکرد.

## پایەی چوارەم

# حەج کردن

- خوای گەورە دەفەرموێ: (وَلِلَّهِ عَلَى النَّاسِ حِجُّ الْبَيْتِ مَنِ اسْتَطَاعَ إِلَيْهِ سَبِيلًا...) ال عمران/٩٢ واتە: حەجی ماڵی خوا لەسەر هەموور کەسێك فەرزە کە توانای چوون و ئەدای هەبێت.

- لە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ پرسیار کرا: (أَيُّ الْعَمَلِ أَفْضَلُ فَقَالَ إِيمَانٌ بِاللَّهِ وَرَسُولِهِ. قِيلَ ثُمَّ مَاذَا قَالَ الْجِهَادُ فِي سَبِيلِ اللَّهِ. قِيلَ ثُمَّ مَاذَا قَالَ حَجٌّ مَبْرُورٌ ).[١] واتە: چ کردەوەیەك لە هەموو شتێك چاکترە؟ فەرمووی: باوەڕهێنان بە خواو پێغەمبەرەکەی صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ (شایەتمان) عەرزیانکرد: پاشان چی؟ فەرمووی: جیهاد لە پێناوی خوادا. عەرزیانکرد: پاشان چی؟ فەرمووی حەجێکی پاك و سەرڕاستانە.

حەج: واتە زیارەت. لە شەرعدا زیارەتی ماڵی خوا (کەعبە)یە کە لە مەککەیە، لەعەرەبستان، بە نییەتی ئەنجامدانی چەندین دروشمی تایبەتی خواپەرستی، وەکو تەواف و لۆقەی نێوان سەفاو مەرواو وەستان لە چیای عەرەفات.

---

[١] بوخاری (١٥١٩).

- حەج روکنێکە لە پێنج روکنەکەی کە ئیسلامیان لەسەر دامەزراوە. لەسەر هەر موسوڵمانێك کە توانای هەبێت و باڵغ بێت فەرزە.. ئەمە فەرزی تەمەنە، واتە یەکجار.. لەیەکجار زیاتر سوننەت و کاری چاکە.

- ئەبوهورەیرە خوا لێی ڕازی بێت دەگێڕێتەوە: (خَطَبَنَا رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فَقَالَ أَيُّهَا النَّاسُ قَدْ فَرَضَ اللَّهُ عَلَيْكُمُ الْحَجَّ فَحُجُّوا. فَقَالَ رَجُلٌ أَكُلَّ عَامٍ يَا رَسُولَ اللَّهِ فَسَكَتَ حَتَّى قَالَهَا ثَلاَثًا فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ لَوْ قُلْتُ نَعَمْ لَوَجَبَتْ وَلَمَا اسْتَطَعْتُمْ).[١] واتە: پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ووتاری بۆ دەداین، فەرمووی: هۆ خەڵکینە خوای گەورە حەجکردنی لەسەرتان فەرزکردووە، سا حەج بکەن. کابرایەك پرسی: ئەی پێغەمبەری خوا: ئایا هەموو ساڵێکە؟ پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بێدەنگبوو تا سێ جاری پرسیەوە: ئینجا فەرمووی: ئەگەر بمووتایە بەڵێ، فەرز دەبوو لەسەرتان (کە هەموو ساڵێك حەجبکەن) بە تەئکید نەشتاندەتوانی بیکەن.

[١] بوخاری (٦٨٩٦). موسلیم (٢٤٦٨).

## مەرجەكانی حەج

١- موسوڵمانبوون.

٢- ژیرێتی.

٣- باڵغبوون.

٤- سەربەستی (واتە كۆیلە نەبێت).

٥- سامان و توانای حەجكردنی هەبێت.

## دەسپێكی حەج (المیقات):

أ- كاتی دەسپێكردن: حەجكردن كاتی تایبەتی خۆی هەیە، لە هەموو كاتەكانی ساڵدا نابێت، بەڵكو تەنها لە مانگی شەووال تا رۆژی دەیەمی مانگی زللحیججە (ذي الحجة)یە.. خوای گەورە دەفەرموێ: (الْحَجُّ أَشْهُرٌ مَّعْلُومَاتٌ..) البقرة/١٩٧ واتە: حەجكردن لە چەند مانگێكی دیاریكراو دایە.

ب- شوێنی دەسپێكی حەج: واتە: ئەو جێگایانەی مەراسیمی حەج لێی دەستپێدەكات :

١- ذو الحَلیفة: گوندێكی بچووكە لە نزیك مەدینە، خەڵكی مەدینەو ئەو كەسانەی رێیان بەسەریەوەیەتی دەچنە ئەو شوێنەو لەوێوە دەست بە رەفتارەكانی حەج دەكەن.

٢- الجَحْفَة: گوندێکە لە نزیك (رابع)، ئەمە شوێنی دەسپێکە بۆ خەڵکی شام و میسرو ئەوانەی ڕێیان بەسەریەوەیەتی.

٣- قَرْنُ المنازِل: میقاتی ئەهلی نەجدو ئەوانەی رێیان بەسەریەوەتی.

٤- يَلَمْلَم: میقاتی خەڵکی یەمەن و ئەوانەیە کە ڕێیان بەسەرییەوەتی.

٥- ذاتُ عِرق: میقاتی خەڵکی عێراق و ئەوانەیە کە ڕێیان بەسەریەوەیەتی.

## روکنەکانی حەج:

١- ئیحرام.

٢- تەوافی (گەڕان و خولانەوە) بە دەوری کەعبەدا.

٣- لۆقە (هەروەلە)ی نێوان سەفاو مەروا.

٤- وەستان لە چیای عەرەفات.

## واجباتەکانی حەج:

١- ئیحرامپۆشین لە میقاتی خۆیدا.

٢- وستان لە عەرەفات.

٣- شەومانەوە لە موزدەلیفە (شەوی جەژن).

٤- شەومانەوە لە مینا، لە سێ ڕۆژەکەی تەشریقدا.

٥- شەیتان رەجمکردن.

٦- سەرتاشین و کورتکردنەوەی قژ.

٧- تەوافی ماڵئاوایی.

## ئادابی حەج:

١- هەر لەسەرەتای نیازی حەجەوە نییەتی خۆی بۆ خوا پاکبکاتەوەو نەکەوێتە ریابازیی و شانازیی و حەزی مەدحی خەڵکی و نازناوی (حاجی)!

٢- تۆبەی لەگوناح کردبێت و هەقی خەڵکی لەسەرنەمابێت

٣- پێویستە وورد حساباتی پارەی مەسروفی کردبێت کە حەڵاڵە و کافیە.

٤- هەوڵبدات لەگەڵ شەرعزانێکدا حەج بکات تا نەکەوێتە هەڵەوەو حەجەکەی راست و دروست بکات.

٥- لەکاتی حەجکردنییدا نەرم و نیان و سینە فراوان بێت و نەکا لەکاتی قەرەباڵغی و پاڵەپەستۆدا رەفتار (گوفتار و کرداری) خراپی لێ ببینرێت.

## ئیحرام:

ئیحرام نییەتی دەسپێکی حەجەکەیە، کەلەوێوە:

١- (لَبَّيْكَ اللَّهُمَّ لَبَّيْكَ، لَبَّيْكَ لاَ شَرِيكَ لَكَ لَبَّيْكَ، إِنَّ الْحَمْدَ وَالنِّعْمَةَ لَكَ وَالْمُلْكَ، لاَ شَرِيكَ لَكَ) دەستپێدەکات کەپێی دەڵێن (تەلبیە).

٢- ئیحرامەکەی لەکات و شوێن (میقات)ی خۆیەوە بپێچێت.

٣- پۆشاکی بەری (بۆ پیاوان) دووراو نەبێت. ئێستا ئاسانکراوەو دوو پارچە خاولییە گەورەکە ناوی (ئیحرام)ی بەسەر دابڕاوە، دەپۆشێت.

## تەواف:

سوڕانەوە (خولانەوە: گەڕان)ە بەدەوری کەعبەدا، کە حەوت جارە، لە بەردە ڕەشەوە _کە دەکەوێتە لای چەپی خۆیەوە_ دەستپێدەکات و نییەتی بەجێهێنانی خواپەرستی دەبێت.

## مەرجەکانی تەواف:

١- نییەتی خواپەرستی بێت، کە بۆ خوای گەورەی دەکات.

٢- پاك و و بەدەستنوێژ.

٣- داپۆشینی عەورەت.

٤- تەوافەکەی لەناو کەعبەوە دەبێت (لەناو مسجد الحرام)دا.

٥- مەرجە کەعبە بکەوێتە لای چەپییەوە.

٦- لەبەردە ڕەشەکەوە دەسپێکات و لەوسەرەوە بێتەوە لای.

٧- سوڕی خولانەوەکە تەواوکات.

٨- حەوتجار تەوافەکە بکات، واتە حەوتجار بەدەوری کەعبەدا بخولێتەوە.

٩- ریزبەندیی رەفتارەکان، مەگەر عوزرێکی بۆ پێکبێت وەکو هاتنی نوێژی فەرز.

## لۆقەی نێوان سەفاو مەروا (مروة):

لۆقە: ڕۆیشتنی خێراترە و نەبووە بە راکردنی تەواو، کە بە عەرەبی (السعی)یە، کورد پێی دەڵێ گورگە لۆقە. ئەمیش حەوتجارە.

## مەرجەکانی:

١- دوای تەواوکردنی تەوافە.. تەوافی تەواوو راستودروست.

٢- لەسەفاوە دەستپێدەکات و لەمەروا کۆتاییدێت.

٣- حەوتجار دەبێت (چوون جارێکەو هاتنەوە جارێکە).

٤- دەبێ مەسافەی نێوان سەفاو مەروا بە تەواویی ببڕێت، لێی نوقسان بێت حسێبنابێت.

## وەستان لە چیای عەرەفات:

مەبەست لێی ئامادەبوون و وەستانە لەوێ، لەو رۆژەدا (کەعەرەفەیە)، با بۆ ماوەیەکی کەمیش بێت.

## مەرجەکانی:

١- وەستانەکە لە ناوچەی عەرەفاتدا بێت (کە ئێستا سنورەکەی جوان دیاریکراوەو ئاشکرایە).

٢- دەبێ لە کاتی خۆیدا بێت، کە شەرع دیاریکردووە، کە لای جمهوری شەرعناسان لە خۆر لاربوونەوە بەرەو رۆژئاوا (زەوال)ی رۆژی نۆیەمی زیللحیجەیە تا سپێدەی شەوی دەیەمی.

٣- هۆشی لەخۆی بێت (نەبورابێتەوە)!.

## مانەوەی لە موزدەلیفە:

واتە ئامادەبوون لەوێ (لە موزدەلیفە) لەشەوی دەیەمی زیللحیجەوە تادوای نیوەشەوەکەی.

## شەیتان رەجمکردن:

بەعەرەبی دەوترێت (رمی الجمرات) واتە: هەڵدانی بەردوچکە (کە بەقەدەر نۆکێکە). شوێنەکەش کە کورد پێی دەڵێ (شەیتان) بە عەرەبیەکەی (جَمْرة)یە چونکە بەردووچکەکانی لێکۆدەبێتەوە.

## شوێنی شەیتان رەجمکردن (جەمرە) سێیە:

١- جەمرەی عەقەبە: جەمرەی گەورە کورد دەڵێ (شەیتانی گەورە).

٢- جەمرەی ناوەند.

٣- جەمرەی بچووك کە نزیکترینیانە لە (مینا)وە. شەیتانە چکۆلە)![1]

## عومرە:

هەر زیارەتی کەعبەیە و ئیحرام و تەواف و لۆقەی سەفاو مەرواو سەرتاشین و مووکورتکردنەوەی هەیە، بەڵام وەکو حەج نییە، پەیوەست بێت بە کاتێکی تایبەتەوە.. عومرە بۆ غەیری حاجی _کە لەکاتی حەجەکەدا بێت_ لە هەموو رۆژانی ساڵەکەدایە.

**حوکمی عومرە:** خواپەرستییەکە، لە تەمەندا جارێك بکرێت بەسە.

## روکنەکانی:

١- ئیحرام

٢- تەوافی کەعبە

[1] بێگومان شەیتان نەوەو وەچەی هەیە، بەڵام گەورە وبچووك لەشەیتانیاندا نییە، سەرۆکیان هەیە کە ئیبلیسە.

٣- لۆقەی نێوان سەفاو مەروا

**واجباتەکانی:**

١- ئیحرام لەکات و شوێن (میقات)ی خۆیدا.

٢- سەرتاشین و کورتکردنەوەی موو.

## دیدەنی مزگەوتەکەی پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ

مزگەوتی پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ _کە بە (المسجد النبوي) دەناسرێت_ دوای کەعبە دووەمین شوێنی پیرۆزە، کە موسوڵمان شەیدایەتی و رۆحی بۆی دەشێ.. تا بیگاتێ و نوێژی لێبکات.. بۆیە هەموو حاجی و عومرەوانێك حەزدەکات خۆی بگەیێنێتێ، لە کاتێکدا کە نەفەرزە و نەبەشێکە لە حەج و عومرە.

**باشترە بۆ دیدەوان:**

١- پاك و بەدەسنوێژ بێت.

٢- کەچووە ژوورەوە قاچی راستی پێشخات و بڵێ (بِسْمِ اللَّهِ وَالسَّلاَمُ عَلَى رَسُولِ اللَّهِ اللَّهُمَّ اغْفِرْ لِي ذُنُوبِي وَافْتَحْ لِي أَبْوَابَ رَحْمَتِكَ).[١] واتە: بەناوی خوای گەورەوە، درود و سڵاوی خوا لەسەر پێغەمبەری خوا

[١] موسلیم (٧١٣)، ترمذي (٣١٤)، نەسائی (٧٢٩)، ئەبوداود (٤٦٥).

بێت صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ، خوایە لێم خۆشبە و دەروازەی رەحمەت و بەزەیی خۆتم لێبکەرەوە.

٣- نوێژکردن: هەرنوێژێك کە لەو مزگەوتە پیرۆزەدا دەکرێت، بە هەزار نوێژی مزگەوتیترە، جگە لە مزگەوتی حەرام (کەعبە).

٤- دیدەنی گۆڕی پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ و دوو یاوەری عەزیزی کە سەیدنا ئەبوبەکری صددیق و سەیدنا عومەری کوڕی خەطابن خوا لێیان ڕازی بێت، لەعنەت لەوەی دەیانبوغزێنێت.

٥- سوونەتە بۆ پیاوان دوای ئەوە بچنە دیدەنی گۆڕستانی (بەقیع) و سڵاو لە نیشتەجێیانی بکەن، کە گۆڕستانی یاوەرانی عەزیزە و شەهیدانی پێش کۆچی دوایی پێغەمبەری خواش صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ لەوێ نێژراونم کە جەنابی صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەچووە سەرگۆڕیان.

٦- پەسەندە بچێتە مزگەوتی (قُبَاء) کە هەر لەمەدینەیەو نوێژی لێبکات، مزگەوتی قوباء یەکەمین مزگەوتە کە لە ئیسلامدا دروستکراوە. وَالْحَمْدُ لِلَّه.

## بەسەرهاتێکی پڕمانا:

لەڕووی شەرعییەوە هەرکەسێك لەکاتی حەج و عەمرەدا هەر شتێك بدۆزێتەوە، یان ببینێت _کە بێخاوەنە_ بۆی نییە هەڵیگرێتەوە، چونکە رێزو حورمەتی کەعبە ئەمانەتی تەواوی فەرزکردووە، ئەمانی

ژیان (کە باڵندەشی لێناکوژرێت)، ئەمانی سامان (کە دزیی لێناکرێت، ئەگەر دزیشی لێکرا لەو کات و شوێنەدا حوکمنادرێت و دەخرێتە کات و شوێنیتر)، بۆیە ئەگەر شتیشی لێدۆزرایەوە هەڵناگیرێتەوە، مەگەر بەو ئومێدەی بیگەێنێتەوە بەخاوەنی، وەکو دەشێت لەم سەردەمەدا پاساپۆرتێك بدۆزێتەوە یان هاوشێوەی.

لەسەردەمانی تابیعیندا (قوتابیانی یاوەران) کۆڵهەڵگرێك (حەممال) هەژار و دەستکورت، دانیشتوانی مەککەبوو، ناوی سەلمان بوو، لە دەوروبەری کەعبە دەژیا، کاتی حەج و عومرە ئیشی زۆر دەبوو، پارەیەکی (بەس)ی بۆ ژیانی خۆی و زارۆکی پەیدادەکرد..

لەکاتی حەجدا رۆژێك پریاسکە (کیسە)یەك پارە دەدۆزێتەوەو هەڵیدەگرێتەوە، کە دێتەوەماڵەوە، ژنەکەی سەرزەنشتی دەکات کە بۆچی هەڵیگرتۆتەوە. پاشان هانیدەدات بیباتەوە ئەو جێیە و جاڕی بۆ بدات، بەڵکو خاوەنەکەی پەیدابیێتەوە.. ئەوساکە لەوانەیە چەند درهەم و دینارێکی بە رەزامەندی خۆی بداتێ و ئەمیش پێی حەڵاڵە و بەئاسوودەیی دەیخوات.

سەلمان کە بۆ رۆژی دوایی دەچێتەوە جێگاکە، دەبینێت کابرایەك لەسەر بەرزاییەك هاوار دەکات: کێ پریاسکەکەمی دیووە، یان هەڵیگرتۆتەوە، لەڕاهی خوادا بمداتەوە.

سەلمان دەڵێ: دەچێتە لای کابراو پێی دەڵێ ئەگەر پریاسکەکەت بۆ پەیداکەمەوە دە دینارم دەدەیتێ؟

کابرا دەڵێ: نا، ناتدەمێ.

سەلمان دەڵێ: پێنج دینارم بدەرێ. کابرا دەڵێ: یەك دیناریشت نادەمێ، چونکە هی خۆم نییە و هی زانایەکی خۆراسانە کە خۆی نەهاتووە بۆ حەج.

سەلمان ناچار پریاسکەکەی دەداتەوە.

کابرا دەڵێ: دەنامەوێتەوە هەڵیگرە بۆ خۆت.

سەلمان دەڵێ: تۆ رازی نەبوویت پێنج دیناریم بدەیتێ ئیستا هەموویم دەدەیتێ؟ یان گاڵتەم پێدەکەیت؟

کابرا دەڵێ: ناگاڵتەت پێناکەم.. ئەم پارەیە لە خۆراسانەوە بەمندا بۆ تۆیان ناردووە.

سەلمان بە حەپاسەوییەوە دەپرسێت، کێ ناردوێتی؟ من کەس لە خۆراسان ناناسم!!

کابرا دەڵێ: پیاوچاکێکی زانای خۆراسان ئەم پریاسکەپارەی داوە بەمن کە (٣٠٠سێ صەد) دیناری زێڕە، پێی ووتم لە کاتی حەجدا، لە قەرەباڵغییدا بزریبکە.. پاشان جاڕی بۆ بدە. هەر کەسێك بۆی

هێنایەتەوە بیدە بەو.. چونکە دەستپاکە.. دیارە تۆش دەستپاك و موحتاجیشی بۆیە داوای پێنج دینارت کرد.

## پایەی پێنجەم

# ڕۆژووی ڕەمەزان

- خوای گەورە دەفەرموێ: (شَهْرُ رَمَضَانَ الَّذِي أُنْزِلَ فِيهِ الْقُرْآنُ هُدًى لِلنَّاسِ وَبَيِّنَاتٍ مِنَ الْهُدَى وَالْفُرْقَانِ فَمَنْ شَهِدَ مِنْكُمُ الشَّهْرَ فَلْيَصُمْهُ) البقرة/١٨٥ واتە: مانگی ڕەمەزان کە خوای گەورە قورئانی تێدا ناردە خوارەوە تابیێت بە مایەی ڕێنمایی و ڕێڕوونی خەڵکی، کە دیاریکردنی ڕێبازی ڕاست و هیدایەتی خوایی و ناسینەوەی حەق و باتڵی تێدایە... هەر کەسێکتان گەیشتەوە ئەم مانگە با ڕۆژووەکەی بگرێت.

- پێغەمبەری خواش صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەفەرموێ: (مَنْ صَامَ رَمَضَانَ إِيمَانًا وَاحْتِسَابًا غُفِرَ لَهُ مَا تَقَدَّمَ مِنْ ذَنْبِهِ).[١] واتە: هەر کەسێك ئیماندارانەو لەبەرخاتری خوای گەورە ڕۆژووی ڕەمەزانەکە بگرێت لە گوناحی بەرو دوای دەبورێت.

- ڕۆژووگرتنی مانگی ڕەمەزان کە فەرزەو یەکێکە لە پێنج پایەکانی ئیسلام، ئەنجامدانی فەرمانێکی خوای گەورەیەو خۆکۆنترۆڵکردن و گرتنەوەی نەفس و حەزو ئارەزووە لە چێژەکانی خواردن و خواردنەوەو جنس... کە ڕۆژووەوان هەر لەکاتی سپێدەی بەیانییەوە تا خۆرئاوابوون خۆی لەو شتە حەڵاڵانە دەگرێتەوەو بەنییەتی

---

[١] بوخاری (٢٠١٤).

خواپەرستیی هەموو ڕەفتارەکانی تریشی پارسەنگدەکات و لەبەر خاتری خوای گەورە توخنی گوناح ناکەوێت.

- فەرزبوونی ڕۆژووی ڕەمەزان لە ساڵی دووەمی کۆچیدا بوو... پێشتر عەرەبەکانیش دەیانزانی ڕۆژوو چییە. دەیانزانی کە بریتییە لە (الإمساك) واتە: خۆگرتنەوە لە هەندێ شت..

لە ئوممەتانی پێشینیشدا هەبووە، چونکە خوای گەورە بە موسوڵمانان دەفەرموێ: (يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا كُتِبَ عَلَيْكُمُ الصِّيَامُ كَمَا كُتِبَ عَلَى الَّذِينَ مِنْ قَبْلِكُمْ لَعَلَّكُمْ تَتَّقُونَ) البقرة/١٨٣ واتە: ئەی ئەو کەسانەی باوەڕتانهێناوە ڕۆژووتان لەسەر فەرزکراوە، هەر وەکو کە لەسەر خەڵکی پێش ئێوەش فەرزکرابوو.. بۆ ئەوەی بگەنە ئاستی تەقواکاریی.. چونکە ڕۆژووگرتن یەکێکە لە ڕێگاکانی تەقوا..

- ڕۆژووگرتنی ڕەمەزان لەسەر هەموو موسوڵمانێکی باڵغ و ژیر و نیشتەجێی لەشساغ فەرزە، مادام عوزری نەبێت.

## ئەوی ڕۆژوو بەتاڵ دەکاتەوە:

١- سەرجێیی ژن و مێرد (جیماع).

٢- خۆ ڕەحەتکردن (ئاوهێنانەوە).

٣- خواردن و خواردنەوەی بە ئەنقەست.

٤- ئەوی دەبێتە (بەدیل)ی خۆراك و خواردنەوە و تێر و تێراو دەکات وەکو شرینقەی موغەززی.

٥- رشانەوەی ئەنقەست.

٦- سوڕی مانگانە (حەیز) و زەیستانی (نیفاس)

## رەفتاری ناپەسەند لەکاتی رۆژوودا:

١- زۆر ئاوڕادان لە دەم و لووت و دووبارەکردنەوەی.

٢- بیرکردنەوە لەسەرجێیی (جیماع) و رەفتاری جنسی.

٣- ماچکردن.. ئەگەر چی خۆی لە خۆیدا حەڵاڵە.. مەگەر بگەیێنێتە سەرپێچی.

٤- تامکردنی خواردن (کە زەروریی نەبێت بۆی).

## ئادابی رۆژووەوان:

<u>أ- ئەو رەفتارانەی فەرزن لەسەری:</u>

١- درۆنەکردن.

٢- غەیبەتنەکردن و دوزمانینەکردن.

٣- غەشنەکردن لەسەوداو مامەڵە و رەفتاریتر.

٤- شاهێدیینەدان بەدرۆ.

٥- خۆگرتنەوە لە نەزەری حەرام و دیداری و تێکەڵاوی نامەحرەم.

ب- ئەو رەفتارانەی چاکن بیانکات:

١- دواخستنی پارشێو (السحور).

٢- خێراکردن لە بەربانگکردنەوە (الفطور).

٣- زۆر خوێندنەوەی قورئان و زیکرو نوێژ و پاڕانەوە.

٤- خێرو خێرات کردن.

## بەشەکانی رۆژوو:

أ- ئەو رۆژانەی فەرزن بگیرێن:

١- مانگی رەمەزان.

٢- رۆژووی نەزر.

٣- کەفارەت (وەکو کەفارەتی جیماع و قەتڵ و... هتد).

ب- ئەو رۆژانەی سوننەتن بگیرێن:

١- شەشەڵان (٦ شەش رۆژ لە مانگی شەووال کە یەکسەر دوای رەمەزانە.. جگە لە یەکەمین رۆژی کە جەژنە).

٢- رۆژی عارفە (بۆ غەیری ئەو کەسەی کە لە حەجدایە).

٣- رۆژی عاشورا (١٠ی موحەڕڕەم) کە رۆژی قوتاربوونی سەیدنا موسایە عَلَیهِ السَّلَام لەدەست فیرعەون، هەروەها رۆژێك پێش عاشوراکە یان رۆژێك دوای ئەویش، بۆ ئەوەی تەنها نەبێت و نەشوبهێت بە رۆژووی جوولەکەکان.

٤- رۆژانی دووشەممەو پێنجشەممەی هەموو هەفتەیەك.

٥- رۆژەنارۆژێك، رۆژێك بەرۆژوو بێت و رۆژێك بخوات، بێگومان جگە لە رەمەزان.

٦- رۆژی سپی، کە بریتییە لە (١٤و١٥و١٦)ی هەموو مانگێکی عەرەبی.

٧- نۆمینەی حاجیان: نۆ رۆژی یەکەمی مانگی زیلحیججە، کە حاجی لە حەجدان.

٨- زۆرترین رۆژانی موحەڕڕەم و شەعبان.

<u>ت- ئەو رۆژانەی رۆژووگرتن تێیاندا مەکرووهە:</u>

١- رۆژی عارفە بۆ کەسێك کە لە حەجدایە.

٢- رۆژانی هەینی بەتەنها.

٣- رۆژانی شەممان بە تەنها.

٤- کۆتا رۆژی مانگی شەعبان کە رۆژی گومانەو ئەگەری ئەوەی هەیە رەمەزان بێت، ئەمما ئەگەر کەوتە ئەو رۆژانەوە کە لەسەر رۆژووگرتنیان راهاتووە، وەکو دووشەممەو سێشەممان قەیدی نییەو دەتوانێت پێبێت. (واتە بە رۆژوو بێت تێیدا).

٥- رۆژی بەردەوام، ساڵ دوازدە مانگە.

پ- ئەو رۆژانەی رۆژووگرتن تێیاندا حەرامە:

١- یەکەمین رۆژی جەژنی رەمەزان و یەکەمین رۆژی جەژنی قوربان.

٢- سێ رۆژەی (١١و١٢و١٣)ی زیللحیججە.

٣- رۆژووی هەر رۆژێك بێت بۆ ئافرەتێك کە لە سوڕی مانگانە (حەیز) دابێت، یان زەیستان (نفاس) بێت.

٤- رۆژوو بۆ کەسێك کە زیانی پێبگەێنێت.

٥- رۆژووگرتنی ژنێك کە مێردەکەی لای بێت و پێی ووتبێت مەیگرە، یان بیشکێنە، رۆژووەکەش سوننەت بێت.

## رۆژووگرتن رەفتار پارەسەنگ رادەگرێت:

ئەوی دینداری سەرڕاستەو لەسەر سیرەو سوننەتی پێغەمبەری خوا دەڕوات و پێغەمبەران و یاوەران و پیاوچاکانی کردۆتە نموونەی پێشڕەوێتی، کە بە رۆژوو دەبێت خۆی زیاتر پارسەنگ رادەگرێت،

چەند بە ئارامە، چەندین بەرابەر ئارامیی و خۆڕاگریی زیاتر بە خۆی دەدات، تا لەو کاتانەی دژایەتی دەکەن کاردانەوەی لاسەنگی نەبێت. پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەفەرموێ: (الصِّيَامُ جُنَّةٌ، وَإِذَا كَانَ يَوْمُ صَوْمِ أَحَدِكُمْ، فَلاَ يَرْفُثْ وَلاَ يَصْخَبْ، فَإِنْ سَابَّهُ أَحَدٌ، أَوْ قَاتَلَهُ فَلْيَقُلْ إِنِّي امْرُؤٌ صَائِمٌ).[1] واتە: ڕۆژوو قەڵغانە، ئەگەر یەکێکتان بەرۆژوو بێت با جنێونەدات و ئاژاوە نەنێتەوە (هەرا نەخولقێنێت). ئەگەر یەکێکیش جنێوی پێدا یان شەڕی لەگەڵداکرد با بڵێ من بەرۆژووم.

## تەراویح:

هەر کە دەوترێت مانگی ڕەمەزان یەکسەر ڕۆژووی ڕۆژو و شەونوێژی جەماعەتی (تەراویح) شەوانی بیردەکەویتەوە، چونکە تەراویح لە سوننەتە سەرەکیەکانی ڕەمەزانە، کە پێشی دەوترێت شەونوێژ (قیام)..

عورەی کوڕی سەیدنا زوبێر خوا لێیان رازی بێت لە پوورە عائیشەخانییەوە. کە خوشکی دایکێتی دەگێڕێتەوە: (أَنَّ عَائِشَةَ، أَخْبَرَتْهُ أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ خَرَجَ مِنْ جَوْفِ اللَّيْلِ فَصَلَّى فِي الْمَسْجِدِ فَصَلَّى رِجَالٌ بِصَلاَتِهِ فَأَصْبَحَ النَّاسُ يَتَحَدَّثُونَ بِذَلِكَ فَاجْتَمَعَ أَكْثَرُ مِنْهُمْ فَخَرَجَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فِي اللَّيْلَةِ

[1] بوخاری (١٩٠٤). موسلیم (١١٥١).

الثَّانِيَةِ فَصَلَّوْا بِصَلاَتِهِ فَأَصْبَحَ النَّاسُ يَذْكُرُونَ ذَلِكَ فَكَثُرَ أَهْلُ الْمَسْجِدِ مِنَ اللَّيْلَةِ الثَّالِثَةِ فَخَرَجَ فَصَلَّوْا بِصَلاَتِهِ فَلَمَّا كَانَتِ اللَّيْلَةُ الرَّابِعَةُ عَجَزَ الْمَسْجِدُ عَنْ أَهْلِهِ فَلَمْ يَخْرُجْ إِلَيْهِمْ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فَطَفِقَ رِجَالٌ مِنْهُمْ يَقُولُونَ الصَّلاَةَ . فَلَمْ يَخْرُجْ إِلَيْهِمْ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ حَتَّى خَرَجَ لِصَلاَةِ الْفَجْرِ فَلَمَّا قَضَى الْفَجْرَ أَقْبَلَ عَلَى النَّاسِ ثُمَّ تَشَهَّدَ فَقَالَ أَمَّا بَعْدُ فَإِنَّهُ لَمْ يَخْفَ عَلَيَّ شَأْنُكُمُ اللَّيْلَةَ وَلَكِنِّي خَشِيتُ أَنْ تُفْرَضَ عَلَيْكُمْ صَلاَةُ اللَّيْلِ فَتَعْجِزُوا عَنْهَا").[1] واته: خاتوو عائیشه خوا لێی ڕازی بێت پێی ڕاگه‌یاندم كه جارێك (له ڕه‌مه‌زاندا) پێغه‌مبه‌ری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ له نیوه‌شه‌ودا ته‌شریفی برده مزگه‌وته‌كه‌ی (كه ده‌رگای ماڵه‌كه‌ی له‌سه‌ر مزگه‌وته‌كه بوو) شه‌ونوێژی كرد، هه‌ندێك له پیاوانیش له دوایه‌وه ئیقتیدایان پێكردو نوێژیان به جه‌ماعه‌ت له‌خزمه‌تدا كرد. بۆ سبه‌ی پیاوه‌كان باسیانكرد (خه‌ڵكی تر بیستیانه‌وه) له‌شه‌وی دووه‌مدا ژماره‌ی نوێژخوێنه‌كان (مه‌ئمومه‌كان) زۆرتربوو.. شه‌وی چواره‌مین مزگه‌وته‌كه پڕبوو، خه‌ڵكه‌كه هه‌ر چاوه‌ڕوان بوون پێغه‌مبه‌ری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ته‌شریف بباته مزگه‌وت، به‌ڵام جه‌نابی نه‌چوو، تا بۆ نوێژی به‌یانیه‌كه‌ی ته‌شریفی برد، دوای نوێژی به‌یانی پێغه‌مبه‌ری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ڕووی پاكی كرده خه‌ڵكه‌كه‌و فه‌رمووی: شه‌وی ڕابردوو زانیم كه لێره‌ن و چاوه‌ڕوانن، به‌ڵام من نه‌هاتمه لاتان، ووتم نه‌بادا

---

[1] موسلیم (٧٦١).

(تەراویحتان) لەسەر فەرزبێت و دواییش نەتوانن بەردەوام بن لەسەری..

١- پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ حاڵیکردن کە ئەم نوێژانە سوننەتن و فەرزنین. ئەو کەسەی کە نەیکات گوناحبار نابێت لەسەریی، ئەوی دەیانکات پاداشتی لەسەر وەردەگرێت.

٢- موسوڵمانان بۆ خۆیان لەسەر ئەم تەراویحە بەردەوامبوون و دوای کۆچی پێغەمبەری خواش صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ تاك و کۆ دەیانکرد.

٣- کە سەیدنا عومەر خوا لێی ڕازی بێت لەسەردەمانی خەلیفایەتی خۆیدا دیتی خەڵکەکە تاك و تەرا بۆ خۆیان تەراویحدەکەن یان چەند کەسێك لە پشت ئیمامێکەوە دەیکەن. ئیتر فەرمانییدا کە هەموویان لە دوای ئیمامێکەوە بیکەن. لەو ڕۆژەوە موسوڵمانان لەسەرانسەری دنیادا تەراویح بە جەماعەت لە مزگەوتدا دەکەن.

٤- زۆرینەی ئوممەت کە شوێنکەوتووی مەزهەبەکانن (سێ مەزهەبیان) بیست رکات و زیاتر دەکەن، بەڵام حەنبەلییەکان و سەلەفی و پابەندەکان بە سوننەتەوە هەشت رکات دەکەن، کە دوورو درێژتر دەبێت لە بیستەکەی ئەوانیتر.. خاتووعائیشەخان خوا لێی رازی بێت دەگێڕێتەوە: (أَنَّ رَسُولَ اللهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ، كَانَ يُصَلِّي

إِحْدَى عَشْرَةَ رَكْعَةً).[١] واته: پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ یازدە رکات نوێژی (لە شەونوێژدا) دەکرد... هەشتی قیام و سێ رکاتیش وتر.. بەڵام بێگومان لە یاوەراندا زۆر هەبووە کە شەوانی رەمەزان یان لە (قیام اللیل) دا زیاتر دەکرد.. وَاللَّهُ أَعْلَمُ.

## لەیلەتولقەدر (لیلة القدر):

شەوی قەدر، گەورەترین شەوی رەمەزانە، گەورەترین شەوی ساڵە.. گەورەتر لە زیاتر لە (٨٣ هەشتاوسێ ساڵ)!! تەنها شەوێك! کەچی موسوڵمانی غافل ئەو شەوەشی وەکو شەوانیتر لێدەڕوات! ئەوی خوای لە یادە کەمتر لە نیوەی خەریکی خواپەرستییە، کەمێکیش لەوانە زیاد لە تەراویحەکەیان نوێژیتر یان خواپەرستیتر دەکەن! (لَيْلَةُ الْقَدْرِ خَيْرٌ مِّنْ أَلْفِ شَهْرٍ) القدر/٣ واتە: شەوی قەدر چاکترە لە هەزار مانگ، لە (٣٠سی) هەزار شەووڕۆژ!

کام شەوەیە؟ نازانین، بەڵام بەتەئکید لە دە شەوی کۆتایی رەمەزاندایە.. لە تاکەکانییدا؟ نازانین کامیان تاکەکانە، دەشێت ئەوەی ئێمە بە تاکی هەژمار دەکەین جووتەکانی بن، ئێمە سەرەتایمان لێ تێکچووبێت! دەشێت.. بۆیە باشتر وایە هەر دە شەوەکەی بە هەل بزانین.. باشتر وایە بۆ شەونوێژو خواپەرستی ئەو دە شەوە لێبڕێین، مۆڵەت لە کارمان وەرگرین، دەست لە کەسابەت

---

[١] بوخاری (١١٢٣). نەسائی (١٦٩٦). ئەبووداود (١٣٣٥).

هەڵگرین. ئەو شەوانە ئیعتیکافی تێدا بکەین و لەمزگەوت بۆ خواپەرستیی بمێنینەوە. ئەمە هەلەو رەخساوە تا زۆرترین بڕی زەخیرەی قیامەت دابنێین.. کێ دەڵێ تا رەمەزانێکیتر دەژین؟!

پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەربارەی پاداشتی شەوی قەدر دەفەرموێ: (مَنْ قَامَ لَيْلَةَ الْقَدْرِ إِيمَانًا وَاحْتِسَابًا غُفِرَ لَهُ مَا تَقَدَّمَ مِنْ ذَنْبِهِ).[١] واتە: هەرکەسێك شەوی قەدر _ئیماندارانە لەبەر خاتری خوای گەورە_ شەونوێژو خواپەرستیی بکات، لە هەموو گوناحەکانی پێشووی دەبورێت..

## چ هاندانێك لەمە زیاترە؟

سوننەتیشە لەرەمەزاندا، بەتایبەتی لە دە شەوی دواییدا، بەتایبەتیتر لەشەوی قەدردا لە دوعادا بڵێین: (اَللَّهُمَّ إِنَّكَ عَفُوٌّ تُحِبُّ اَلْعَفْوَ فَاعْفُ عَنِّي).[٢] واتە: خوایە تۆ خۆت عەفووی خاوەن لێبوردنیت، لێبوردنت پێخۆشە، خوایە لێمبووره.. لێم خۆشبە..

[١] بوخاری (١٩٢٥). موسلیم (١٣١٩).

[٢] نەسائی (٨٧٢). ترمذي (٣٥١٣). ئەحمەد (١٧١/٦).حاکم (٥٣٠/١). شێخی ئەلبانی رحمەالله لە (صحيح سنن الترمذی ١٧٠/٣)دا بە سەحیحی داناوە.

## رەمەزان مانگی قورئان و خێرو چاکەخوازییە:

- رەمەزان مانگی قورئانە، قورئانەکە لە رەمەزاندا لە (لوح المحفوظ)ەوە دابەزییە ئاسمانی یەکەم، تا لەوەودوا بە پێی قۆناغەکانی پەروەردەو گەشەو نەشونما و پێداویستی کات و شوێنی یاوەران بێتەخوارەوە.

جوبرەئیلی ئەمینی وەحی خوایی، هەموو شەوانی رەمەزان لەگەڵ پێغەمبەری خوادا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ پێکەوە موراجەعە (پێداچوونەوەی لەبەربوون)ی قورئانیان دەکردەوە..

هەقە موسوڵمان لەرەمەزاندا خوێندنەوەی قورئانەکەی چەند بەرابەرکات.. ئەگەر مانگی جارێك خەتمی قورئانی دەکرد، هەقە لەرەمەزاندا بیکاتە دووجار و سێ جار و زیاتر..

هەقە موسوڵمان لە رەمەزاندا لەگەڵ براکانی تریدا پێکەوە کۆڕی قورئانەوانییان هەبێت، دەرسی تەجویدو تەفسیرو زانسیتەکانی قورئان و دەربارەی موعجیزەکانی قورئان بخوێنن..

هەقە کۆمەڵکارە موسوڵمانەکان کێبڕکێ (موسابەقە)ی قورئانیان لە رەمەزاندا زۆر بێت لە خوێندنی دەنگی خۆش و زۆریی لەبەرکردن و زانیاری زانین دەربارەی قورئان.

پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەفەرموێت: (مَا اجْتَمَعَ قَوْمٌ فِي بَيْتٍ مِنْ بُيُوتِ اللَّهِ تَعَالَى يَتْلُونَ كِتَابَ اللَّهِ وَيَتَدَارَسُونَهُ بَيْنَهُمْ إِلاَّ نَزَلَتْ عَلَيْهِمُ السَّكِينَةُ وَغَشِيَتْهُمُ الرَّحْمَةُ وَحَفَّتْهُمُ الْمَلاَئِكَةُ وَذَكَرَهُمُ اللَّهُ فِيمَنْ عِنْدَهُ).[١] واتە: هەر کۆمەڵە کەسێ لە یەکێك لەماڵەکانی خوادا کۆببنەوەو قورئان بخوێنن و لێیبکۆڵنەوە حەتمەن هێمنی خوایی بەسەریاندا دەبارێت و ڕەحمەتی خوا دایاندەپۆشێت و فریشتە دەوریان دەدەن و خوای گەورەش لە لای فریشتە نزیکەکانی خۆی باسیاندەکات..

ڕەمەزان مانگی پاڵفتەی دەروونە.. خۆ پاككردنەوە (تەزکیەی نەفس)ە لە چڵك و چەپەڵی دنیاوویستی، لە چرووکی و حەسادەت، لە بەغیلی و بەخیلی، لە دوزمانی و بەدگومانی، لەقسەی بەدو ڕەفتاری خراپ، لە دەستدرێژیی و سنوربەزاندن..

ڕەمەزان مانگی خێرو خێراتە.. چەند ڕەفتارێکی چاك و بەسوودە زۆر لە موسوڵمانان زەکاتدانیان دەخەنە مانگی شەعبانەوە کە پێش ڕەمەزانە، یان لە سەرەتای ڕەمەزانەکەدا دەیگەیێننە موستەحەققانی تا کەمێك کۆڵی خەمیان سووککەن.. چەند گەورەیی و سەخاوەتە لەگەڵ زەکات و سەرفترەکەدا _کە فەرزن و دەبێت بدرێن_ بڕێکی

---

[١] ئەبوداوود (١٤٥٥).شێخی ئەلبانی لە (صحيح سنن الترمذي ٣/١٧٠) دا دەفەرموێ سەحیحە.

زیادەیتریش بخاتە سەر، تاموحتاجەکەی پێ پارسەنگترکات، یان بیگەێنێتە دووان و سیان، یا بڕێکی زۆرتری لە کەرەستەیەك پێبکرێت بیگەێنێتە زۆرترین موحتاج.. وەکو پارەو پۆشاك و کتێب و کۆمپویتەر و دەرمان و کرێخانوو و مووچەیەکی مانگانەی دابینبوو..

خوای گەورە هەمووومان بکاتە قەدەری خۆی و ئیسلاممان پێ سەرخات.. ئامین.

# ناوەڕۆک


| سەرباس | لاپەڕە |
|---|---|
| پایەی یەکەم: شایەتمان | ٨ |
| پایەی دووەم: نوێژکردن | ٢٥ |
| پایەی سێیەم: زەکاتدان | ٣٧ |
| پایەی چوارەم: حەجکردن | ٤٧ |
| پایەی پێنجەم: ڕۆژووی ڕەمەزان | ٦٢ |
| ناوەڕۆک | ٧٦ |

زانكۆی ئازادی دیراساتی ئیسلامی (زادی)
ئامادەیی ئامەد


ماڵپەر

zadyreman.com

فەیسبووك

fb.com/zadyreman

هەژماری تویتەر

twitter.com/zadyreman

هەژماری ئینستاگرام

instagram.com/zadyreman

ئیمێڵ

zadyreman@gmail.com